**ئاسیای ڕۆژئاوا جارێکیتریش سەر بەرز دەکاتەوە**: ئەو تاریکییەی کە باڵی بەسەر میسۆپۆتامیادا کێشابوو، بەرەبەرە ڕووناک بووەوە و ئاشوور لە ڕووخانی لەناکاو ڕزگاری بوو. دوای نۆسەد ساڵ، ئاشوور دوا پێشکەوتنەکانی خۆی خستە خزمەت شەڕ و هێمنایەتیی ئەفسانەییی خۆی لە داگیرکردنی وڵاتی نوێدا بینییەوە. فێری کەڵک وەرگرتن لە ئاسن بوو و بۆ یەکەم جار هەموو ئامێری سوپاکەی وەک نێزە، شمشێر و مەتاڵ لە ئاسن دروست کرد. لە لایەکی ترەوە ئاشوورەکان فێری سواریی بوون و گرنگیی کاری جەنگییان کە بەڕادەی سوارەی شەڕکەر توند و چالاک نەبوو، کەم کردەوە.


بەسەرۆکایەتی (لگلات- فالازار)ی سێیەم کە لە ٧٤٥- ٧٣٧ پ.ز حوکمی کرد، ئاشوورەکان تا دەریای سپی ناوەڕاست چوونە پێشەوە و وڵاتی سووریەیان داگیرکرد. جێنشینەکانی واتە (سالمانازر)ی پێنجەم (٧٣٦-٧٢٢پ.ز) و سەرگۆنی دووەم (٧٢٢-٧٠٥)، ئیسرائیلیان تێکشکاند و بڵاوەیان بەدانیشتووانی کرد. لە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی داود، تەنیا هۆزی (ژودە) توانی هێندێک سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. لە ٧٠١ پ.زدا ژودەش لە لایەن (سن ناشریب)ەوە (٧٠٥-٦٨١پ.ز) پەلامار درا. ئۆرشەلیم خۆی بۆ ڕاگیرا، بەڵام ژودە ناچارکرا باج بەئاشوورەکان بدات. سەرۆکی دوایی ئاشوور (ئاسار هادون) (٦٨٠-٦٥٩پ.ز) میسری داگیر کرد. ئاشوورەکان لە ساڵی ٦٧٠ی پ.زدا بەسامترین ئیمپراتۆرییان لە ئاسیای ڕۆژئاوادا دامەزراند. پایتەختی ئاشوور، شاری نەینەوا لە لایەن سن ناشریبەوە بینا کرا و پلەی یەکەم شاری جیهانی بەخۆیەوە گرت. جێنشینی (ئاسار هادون) واتە (ئاشور بانیپاڵ) پتر هەوڵی جوانی و گەشەکردنی دا و گەورەترین کتێبخانەی ئەو سەردەمەی بۆ دروست کرد کە پتر لە دووهەزار لەوحەی گڵی تێدا کۆکرابووەوە، بەڵام دوو سەدە شەڕی بێ وچان، ئاشووری لاواز کردبوو. هەروەها ئاشوور دراوسێی تێکدەری هەبوو کە نەچوونە ژێر فەرمانییەوە. لە نێوان ئەواندا، دەکرێ ئاماژە بۆ مادەکان بکەین کە لە ڕۆژهەڵات و ئێرانی ئەمڕۆ نیشتەجێ بوون. لەناوخۆی وڵاتیشدا کلدانەکانی بابل بەبێ پسانەوە لە ڕاپەڕیندا بوون و ئەمە سەرەڕای شکستە پەیتا پەیتاکانیان، پانزدە ساڵ دوای مەرگی ئاشوور بانیپاڵ، کلدانەکان لەگەڵ مادەکان یەکیان گرت و پەلاماری نەینەوایاندا و لە ساڵی ٦١٢ی پ.زدا وێرانیان کرد. ئیمپراتۆریی ئاشوور دوای ئەمە بەپەلە و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەڵوەشا و دوای دە ساڵ تەنیا وەک بیرەوەرییەک مایەوە. کلدانەکان جێی ئاشووریان لە میسۆپۆتامیادا گرتەوە و دەستیان بەسەر کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاستدا گرت، بەڵام ڕێگایان بەمیسردا کە لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا خۆی ببووژێنێتەوە. کاتێک (ژودە) هەوڵی بەرپاکردنی شۆڕشیدا، فەرمانڕەوای کلد (نەبوود خوزنەسر)ی دووەم (٦٣٠-٥٦٢پ.ز) ئۆرشەلیمی داگیرکرد و پەرستگاکەی ڕووخاند و بەم جۆرە چرای ئەم بنەماڵەیەی کە لە بنەچەی داود بوون کوژاندەوە.

**دەستپێکردنی حوکمی نەبوود خوزنەسر لە کلد**: لە سەردەمی حوکمی نەبوود خوزنەسردا، ئیمپراتۆریی کلد بەوپەڕی گەشەکردنی خۆی گەیشت و بابل وەک گەورەترین شاری جیهانی لێ هات. خوزنەسر بینای پەرستگای نیوە تەواوی کە ماوەیەکی زۆر لە دەست ئاشوورەکاندا بوو، تەواو کرد و بەو جۆرە داستانی



کتێبی پیرۆز دەربارەی قەڵای بابل پێک هات. ئەم پەرستگایە بەنەوەد مەتر بەرزاییەوە، بەرزترین پەرستگا بوو. هەروەها نەبوود خوزنەسر کۆشکێکی جوانی چەند قاتی بەشێوازی پەرستگا دروست کرد و لە هەیوانەکانیدا باخچەیەکی هەڵواسراوی هەبوو کە بەیەکێک لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیای کۆن ناسرا. خوزنەسر سەرۆکایەتی پترلە دوو میلیۆن کەسی دەکرد، کەچی دوای مەرگی، بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆرییەکەی بێ هێز مایەوە و دراوسێکانی لەژێر فەرمانی دەرچوون و دەوڵەتی خۆیان دامەزراند و گەشەیان بەوڵاتی خۆیاندا. لە ئاسیای بچووکدا وڵاتی هاوسنووری، (فری ژی) لە لایەن هۆزەکانی (سیمەر)ەوە کە لە دەشتەکانی ئۆکراینااوە هاتبوون، وێران کرابوو و لە جیاتی ئەو، وڵاتی (لیدی) کە پایتەختەکەی (سارد) بوو، لە ئاسیای بچووکدا پێک هات. لیدییەکان شاری یۆنانییەکانی کەناری دەریای ئیجەیان داگیر کرد، بەڵام بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکەیان بەخەڵکی خودی شارەکە سپارد. ئێمە لە بواری چارەسەرکردنی گرفتی ئابوورییەوە قەرزداری لیدییەکانین. بەشێک ئاسنەواڵەی وەک زێڕ و زیو، پێشتر بەشێوەیەکی بەرین بۆ کڕینی ئازووقە و پێویستییەکانی‌تر کەڵکیان لێ وەردەگیرا، چونکە ئەوانە بەڕادەیەکی کەم دەست دەکەوتن و نرخیان بەرزتر بوو، بەرلە مامەڵە، قورساییان ڕوون دەکرایەوە، هەرچەندە بەبەردەوامی مەترسی ئەوەیان لێ دەکرا، کە دەستکاری بکرێن و ئاسنی کەم بایەخیان تێکەڵ بکەن.

**لیدییەکان پارە دەدۆزنەوە**: ڕێگاچارەی لیدییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، کەڵک وەرگرتن لە ئەڵقەی زێڕ و زیو، یان تێکەڵاوێک لە هەردووکیان بوو کە قورساییان دیار بێت. بەم شێوەیە پارە پەیدابوو کە وێنەی فەرمانڕەوا یا وێنەیەکی‌تریان لەسەر بوو کە نرخ و پاک بوونیانی دەسەلماند. بەهاتنی دراو بۆ بازاڕ، بازرگانی پتر دەسەڵاتی بەدەست هێنا و بوو بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی پتری لیدی.



(کرزوس) فەرمانڕەوای لیدی لە ساڵانی ٥٦٠-٥٤٦ پ.زدا، بەڕادەیەک دەوڵەمەند بوو کە یۆنانییەکان ناوی (دەوڵەمەندی وەک کرزوسیان) کردە باو و ئەم ناوە تا ئێستاش بۆ دەوڵەمەندە گەورەکان بەکار دێت. چونکە مامەڵە کردن بەدراو بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئاسان بووەوە، لەو سەردەمەی جیهاندا بەپەلە جێی گرت. ئەمڕۆ کەڵک وەرگرتنی ئێمە لە پارە دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام پێویست بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێک ئەم شێوازە بدۆزێتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی لیدی و کلددا، ئیمپراتۆریی ماد لە ئێران و ئەفگانستانی ئەمڕۆدا بوو. ئەم ئیمپراتۆرییە لە بابەت بڵاوبوونەوەی ناوەکەی قەرزداری شەڕێکە کە ئەنجامی نەگرت: کاتێک سوپای ماد و سوپای لیدی لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستابوون، خۆر بەتەواوی گیرا و وڵاتی تاریک کـــرد. هەردوو لایان ئەم دیاردەیەیان بەنیشانەی نەیاریی خۆیان و هەڕەشەی خوداکان زانی و لەبەر ئەوە ڕێگەی ئاشتییان گرتەبەر.

**یەکەم ڕووداوی مێژوویی کە مێژووەکەی بەتەواوی تۆمار کراوە:** مێژووی ئەم خۆرگیرانەیان حساب کردووە و گەڕاندوویانەتەوە بۆ ٥٨٥/٥/٢٨ پ.ز و بەم جۆرە شەڕی هەڵنەگیرساوی نێوان ئیمپراتۆریی ماد و لیدی بەیەکەم ڕووداوی مێژووی مرۆڤایەتی ناسراوە کە توانیومانە تەنانەت ڕۆژ و مانگەکەی بدۆزینەوە. مادەکان لەوەش پتر ڕۆڵی خۆیان لە مێژوودا تۆمار کردووە. زەردەشت (٦٢٨-٥٥١ پ.ز) ئایینێکی ئاشتیخوازی ڕاگەیاند کە یۆنانییەکان (زورواستر)یان پێ دەگوت. زەردەشت لە کاتێکدا ئەم ئایینە نوێیەی ڕاگەیاند کە جیهان دابەشکرابوو بەسەر دوو هێزی هاوسەنگدا: لە لایەک (ئاهۆرامەزدا) کە نیشانەی چاکە و ڕووناکییەکان بوو و لە لایەکەیتر (ئەهریمەن) کە واتای بەدییەکان و تاریکییەکانی دەدا. زەردەشت ڕای وابوو کە هیچ کام لەوانە کە بەبەردەوامی شەڕی یەکتر دەکەن، ناتوانن لایەنەکەیتر بشکێنن، بەڵام بەشداریکردنی مرۆڤ بەقازانجی هەر یەکێکیان، دەتوانێت هاوسەنگیی کێشەکە بگۆڕێت. ئەم بۆچوونەی زەردەشت کە ناوی هێز و (ئاسترۆیزم یا موزدایزم)ی لێنرا، لە هەموو ئیمپراتۆریی ماد و ئەو دەوڵەتانەی کە جێی ئەویان گرتەوە، ڕەواجی پەیدا کرد و نیشانەکانی لە چەند ئایینی نوێدا بەتایبەت لە ئایینی مەسیحیدا بەرچاو دەکەوێ.

**کورش ئیمپراتۆریەتی نوێی ئێران پێک دێنێ:** ئەو هێزەی کە دەبووایە کۆتایی بەژیانی ئیمپراتۆریی ماد بهێنێت، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی مادەکان و لە ناوچەیەکدا پێی گرت کە یۆنانییەکان (پارس)یان پێ دەگوت. پیاوێکی لێهاتوو بەناوی کورش سەرۆکایەتی پارسەکانی لە ئەستۆ گرت و لە ساڵی ٥٥٨ پ.زدا دژی ئیمپراتۆری ماد ڕاپەڕی و ساڵی ٥٥٠ پ.ز پایتەختی مادەکانی داگیرکرد و ئیمپراتۆرییەکی نوێی دامەزراند. بەهاتنی کورش، پارس وەک هەموو ئیمپراتۆرییەکانیتر هەوڵی بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیدا. ساڵی ٥٤٦ی پ.ز لیدی و ساڵی ٦٣٩ پ.ز کلدی داگیر کرد و ساڵی ٥٢٩ پ.ز لە کاتی هێرش کردنی بۆ سەر ئاسیای ناوەندی کۆچی دوایی کرد. (کمبوجیە)ی کوڕی جێگەی گرتەوە و



توانی میسر داگیر بکات و دوای کمبوجیە، پیاوێکی لێهاتوو[1] بەناوی داریوش (٥٥٠-٤٨٦ پ.ز) سەرۆکایەتی ئیمپراتۆریی پارسی کرد. باکوری ڕۆژئاوای هیندستان و شاری (تراس)ی لە ئەوروپا لە وڵاتی یۆنان خستە ژێردەستی خۆیەوە. ئیمپراتۆریی پارس بەسەرۆکایەتی داریوش لە ساڵی ٥٠٠ پ.زدا بەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی گەیشت. لە بواری خاکەوە، ئێران لە هەموو ئیمپراتۆرییەکانی پێشووی لە ئاسیای ڕۆژئاوا مەزنتر بوو، ڕووبەری خاکەکەی گەیشتە ڕادەی خاکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی سیانزدە میلیۆن بوو. کۆمەڵێک ناکامی کە بەشێوەی سروشتی لە بۆسەی ئیمپراتۆرەکاندایە، لە کاتێکدا یەخەی ئێرانییەکانی گرت کە بڕیاریاندا بوو بەهەر نرخێک بێت دوژمنی ئازا و خاوەن هەڵوێستی خۆیان، واتە شاری ئاتن لە یۆنان داگیر بکەن.

یۆنانییەکان هەرچەندە بەژمارە لە ئێرانییەکان کەمتر بوون، بەڵام چونکە لە لایەک خۆیان باش ڕێک خستبوو و لە لایەکیترەوە دەیانزانی لە دیاردەیەک بەرگری دەکەن کە سیستمی سیاسی خۆیانە و دەوڵەت لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارە، داریوشیان لە یەکەم هێرشیدا بۆ سەر ئاتن شکاند.

کـوڕی داریوش (خەشایار) (٥١٩- ٤٦٥پ.ز) جێگەی باوکی گرتەوە، بەڵام ئەویش تووشی چارەنووسی باوکی بوو. دوای ئەمە، یۆنانییەکان دەستی باڵایان هەبوو و ئیمپراتۆریی ئێران ڕووی لە کزی کرد. ئەسکەندەری سێیەم لە مەقدۆنیا، ناوچەیەک کە دانیشتووانی بەزمانی یۆنانی قسەیان دەکرد و لە باکووری شارە گەورەکانی یۆنانی ناوەندی هەڵکەوتبوو، زەنگی مەرگی دەسەڵاتداریەتی ئێرانی لێدا. ژیانی ئەسکەندەر کورت بوو، بەڵام هەر ئەوەندەش بەس بوو بۆ لەناوبردنی هێزە ئێرانییەکان. لە نێوان ٣٣٤ و ٣٢٤ی پ.زدا ئەسکەندەر لە هێرشێکی سەرکەوتوودا بۆ سەر ئیمپراتۆریی ئێران کە نازناوی مەزنی پێ بەخشی، کۆتایی بەئیمپراتۆریی ئێران هێنا و بەکۆکردنەوەی ئێران و یۆنان لە یەک ئیمپراتۆریدا، ژمارەی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەکەی گەیاندە بیست میلیۆن، بەڵام مەرگی لە ناکاوی ئەسکەندەر هەڵوەشانی بەپەلەی ئیمپراتۆرییەکەی بەدواوە بوو. هۆی هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی، بەیەکەوە نەســازان و شــەڕی دەسەڵات لەنێوان کاربەدەستە نزیکەکانیدا بوو.

**سەردەمی سلوکییەکان:** بەشێکی گرنگی دەستکەوتەکانی ئەسکەندەر لە ئاسیادا بۆ سلوکی یەکەم (٣٥٦-

(١) داریوش پاشایەکی بێبەزە و دیکتاتۆر بووە. ئیمپراتۆرییەتی ئێران لە سەردەمی ئەودا تووشی قەیرانێکی سامناک بووە و ئەم قەیرانە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتی داگرتووە و سێ ڕاپەڕین بەناوی (پرادا)، (فرورتیش) و (پارتی) لەسەردەمی دەسەڵاتدارییەتی داریوشدا ڕوویداوە. داریوش زۆر بێڕەحمانە ڕاپەڕینەکانی لە خوێن گەوزاندووە و لە ڕۆژێکدا لە بابل سێ هەزار کەسی لە ڕێبەران و ڕاپەڕیوەکان لە سێدارە داوە. داریوش لەسەر بەردە بزمارییەکانی بێستوندا دەربارەی فرورتیش سەرۆکی مادەکاندا دەڵێ: بەزنجیرکراوی هێنایانە لام. من بەدەستی خۆم گوێیەکان و لوتیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. کاربەدەستانی بارەگا لەسەر پێ ڕایانگرتبوو، هەموو خەڵکی ئازا چاویان لێبوو. دوای ئەوە بەفەرمانی من لە ئەگباتانە (هەمەدان) بەسەری سەرنێزەیانەوە کرد و لایەنگرانیان لە زینداندکاندا لە سێدارە دا- ح.

٢٨١پ.ز) مایەوە. لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی ڕۆژژمێرە جۆراوجۆرەکاندا لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بەسلوکی کرد. ئیمپراتۆرییەکی دامەزراند کە بەسەرەتای سەردەمی زێڕینی سلوکی ناسرا. فەرمانڕەوایانی دوای ئەو لە دەستپێکدا بیری داگیرکردنی یۆنان لە سەری دان و بەشەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەیان لەبیرکرد. ئەم شێوە تێڕوانینە ڕێگای بۆ دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر فەرمان خۆشکرد، کە بۆ ئازادیی خۆیان تێکۆشان و ئەمە بەتایبەت دەربارەی پارتەکان کە لە هەرێمێکی دوور و لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریدا بوون، خۆی زەق کردەوە و سەرئەنجام لە دەوروبەری ساڵی ٢٤٨ی پ.زدا سەربەخۆییان بەدەستهێنا. سلوکییەکان بۆ ماوەی سەدەیەک خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوون لەسەر پارتەکان، بەڵام لە نزیکەی ساڵی ١٤٠ پ.زدا سەرۆکی پارتەکان، (میترایەدات–میترادات)ی یەکەم هەموو میسۆپۆتامیای داگیر کرد و خستیە ژێرفەرمانی خۆیەوە.

پارتەکان ئیمپراتۆریی ئێرانیان ڕێکخستەوە و سەرلەنوێ هەموو بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتیان کە پێشتر لەژێر فەرمانی داریوشدا بوون، خستەوە دەست خۆیان. بەرەبەرە کە سلوکییەکان ڕوویان لە کزی کرد، پارتەکان هێزیان گرتەوە و لە بەرامبەر ڕۆمییەکاندا ڕاوەستان. ئەمە کاتێک ڕوویدا کە ڕۆمییەکان پاشماوەی ئیمپراتۆریی سلوکییەکانیان خستە دەست خۆیان.

ساڵی ٥٣ پ.ز هێزەکانی پارت بەتوندی (مارکۆس لیسینۆس کراسۆس) (١١٥–٥٣پ.ز) فەرمانڕەوایی ڕۆمیان شکاند و ساڵی ٤٠ پ.ز دەریای سپی ناوەڕاستیان داگیرکرد و بۆ ماوەیەک ژودەیان بەدەستەوە گرت. بەدەست پێکرانی ساڵی یەکەمی مەسیحیی، ئاسیای ڕۆژئاوا شاهیدی بەدەسەڵات گەیشتنی ئاشوورەکان، کلدانەکان، لیدییەکان و پارسەکانی پێشووی ئێران بوو و دوای ئەمە، ئاسیای ڕۆژئاوا بوو بەگۆڕەپانی شەڕی نێوان ڕۆمییەکان و پارتەکان. ئێران لە زەمینەیەکدا خۆشبەختتر لە خەڵکانی تر و تەنانەت لەوانی کۆنتر لە خۆیان بوون، سەرەڕای شکستەکانیان، بەو هێزەی کە مابوویان، خۆیان ڕاگرت و بۆ دەسەڵاتی زیاتر بەربەرەکانییان کرد.

**ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی خۆی تێ دەکۆشێت**: لە سەردەمی حوکمی سلێماندا لە (٩٦٢–٦٢٢ پ.ز) ، لە ئیسرائیل، ئاڵوگۆڕەکان بەشێوەیەکی تر بوون: سلێمان کوڕ و جێنشینی داود، بیری بەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی بەلاوەنا و بەپێچەوانەی پاشاکانی تری ئەو سەردەمەوە ڕێگای ژیانی ئاشتیی لەگەڵ دراوسێکانی هەڵبژارد و زیاتر خۆی بەلای خێرخوازیدا شکاندەوە تا خۆتێگلاندن لە شەڕ و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ئەنجامی شەڕدا. سلێمان پەرستگای (یەهوە) ، خودای ئیسرائیلەکانی دروست کرد. ئەم پەرستگایە لە سەردەمی خۆیدا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ داب و نەریتی کۆنی یەهودی هەبوو و پەیکەری هیچ خودایەکیان لێ دانەنابوو. دوای مردنی سلێمان، وڵاتەکەی لێک بڵاوبووەوە و ئیمپراتۆریی داود پترلە هەشتا ساڵ دەوامی نەکرد. هێزەکانی باکور کە بەدژواری ملیان بۆ سەرۆکایەتی ژودە کەچ کردبوو، لێی جیابوونەوە و وڵاتی ئیسرائیلیان پێک هێنا، کە دواتر سامرەیان کردە پایتەختی خۆیان.



وڵاتی ژودە کە بچووکتر بوو لەگەڵ ئۆرشەلیمی پایتەختی بەسەرۆکایەتی جێنشینی داود بەردەوام بوو. جیابوونەوە، هەردوو وڵاتی لاواز کرد و لە بەرامبەر هێرشی دراوسێکاندا تووشی گیروگرفتی مەزنی کردن. لە هەردوو وڵاتدا هەستی چەند خوداپەرستی سەری هەڵدابوو، بێ بەزەییانە هێرش دەکرایە سەر بنەما قەومییەکان و ناوەندی گرێدراو بە(یەهوە) خودای تەنیا. ژمارەیەک لە پەیامبەرانی یەهوە وەک (ئامۆس) و (ئەشعیا) بڵاوکەرەوەی بەئەمەکی بۆچوونی یەکتاپەرستی بوون و بۆچوونەکانیان لەو کتێبانەدا پارێزراون کە بەشێکن لە کتێبی پیرۆز (تەورات). کاتێک ئاشوورەکان ساڵی ٧٢٢ پ.ز ئیسرائیلیان داگیرکرد، بەگزادەکان خستیانە سەر وڵاتانی ژێر فەرمانی ئاشوور. ئەم دیاردەیە لە سەدەکانی دواییدا بوو بەسەرچاوەی زۆربەی ئەفسانەکانی دە هۆزی ونبووی ئیسرائیل، بەڵام وادیار بوو کە ئەم هۆزانە لە ڕاستیدا تێکەڵاوی دانیشتووانی ناوچەکە بووبن. ژودە بەسەرۆکایەتی (ژۆزیاس) (٦٤٠–٦٠٩پ.ز) وەک ناوچەیەکی سەر بەئاشوور مایەوە و یەهوەپەرستی بەتەواویی تێیدا جێی گرت و ئەم سەرکەوتنە بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام بوو و دوای دۆزینەوەی کتێبێکی کۆنی یاسا لە پەرستگادا کە دەیانگوت موسا نووسیویەتی کە ڕەنگە کتێبی (دوترونۆم) سەر بەبەشی پێوەلکاوی کتێبی تەورات بێت، بە هەر حاڵ ژۆزیاس لە شەڕدا کوژرا.

**وێران بوونی پەرستگای ئۆرشەلیم**: ئۆرشەلیم ساڵی ٥٨٦ پ.ز لە لایەن نەبود خوزنەسری پاشای کلدوە داگیرکرا و پەرستگاکەی ڕووخێنرا و کەسایەتییە جولەکەکان سەرلەنوێ دوورخرانەوە. بەڵام دوورخراوەکان بەپێچەوانەی ئەوانەی پێشووتریان ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان پاراست و بەهۆی هەڵسوکەوتی تا ڕادەیەک باشی دەسەڵاتدارانی کلدوە، هێندێک تامی سەرکەوتنیان چێشت.

لە دوورخراوەییدا، بەهاندانی (دانیال) پێغەمبەر، یەهوەییزم بۆ هەمیشە جێگەی گرت و نووسینی ڕووداوە مێژووییەکان و پێشینەی ئایینیی عیبرییەکان لە کتێبێکدا کە ئەمڕۆ بەئینجیلی دەناسین کۆکرایەوە. کتێبی پیرۆز ئاماژەی بۆ جیهان، تۆفانی نوح و قەڵای بابل و دەسەڵاتی زانستی و فەرهەنگی کلد کردووە. جولەکەکان چونکە شاری ئوریان بەوڵاتی ئیبراهیم دەناسی، داوای میراتی سۆمەرە کۆنەکانیان کرد. ئەم مەسەلەیە بۆ ڕۆمییەکانیش ڕوویدا، کە هۆزێکی نوێ بەناوی (ئینە) لە شاری (تروا) دەیانویست خۆیان بەیۆنانییەکانەوە بلکێنن. دوای ئەوەی کە کورش کلدی داگیرکرد، ئیزنی بەجولەکەکان دا کە بەویستی خۆیان بگەڕێنەوە ژودە. لە ساڵی ٥١٥ پ.زدا سەرلەنوێ پەرستگایەکی بچووکی لە ئۆرشەلیم دروست کرد و جولەکەکان لە ژێردەستی ئێرانییەکاندا بەدڵ و گیان وڵاتی خۆیان دامەزراندەوە. کاربەدەستێکی ئێرانی بەناوی (نەهیمیا) کە جولەکە بوو، ساڵی ٤٣٨ پ.ز دیوارەکانی ئۆرشەلیمی نوێ کردەوە و نووسەرێکیش بەناوی (ئیدراس)، ئەرکی نوێکردنەوەی ئایینی یەهودی بەگوێرەی لێکدانەوەکانی نوێ لە کتێبی پیرۆزدا لە ئەستۆ گرت. هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، پێغەمبەرێکی نەناسراو بەناوی (ئەشعیا)ی دووەم بۆ بەجیهانیکردنی یەهوە هەوڵیدا و ڕایگەیاند تەنیا خودایەک هەیە کە ئەویش خودای تاک و بێ هاوتای جولەکەکانە کە هەمیشە هەبووە و دەمێنێت. لە سەردەمی ئەم

پێغەمبەرەوە یەکتاپەرستی بەشێوەی ڕاستەقینە لە نێوان جولەکەکاندا جێی گرت و لەوێوە پەلی هاویشتە ناو مەسیحی و موسوڵمانەکانەوە. ژودە بەبێ دژواری لەژێر فەرمانی ئێرانییەکاندا ژیا و بەرەبەرە بەشێک لە ئەفسانەکانی زەردەشتی لە خۆیدا کۆکردەوە. دوای ئەوە هەرچەندە یەهودییەکان بەتەواویی باوەڕیان بەخودای یەکتا وەک تەنیا خاوەنی جیهان هەبوو، بوونی دیاردەیەکی بەدیشیان بەناوی شەیتان قبووڵ کرد، کە هەرگیز توانای بەچۆکداهێنانی خودای نەبووە، بەڵام لە بەرامبەردا توانیویەتی بەسەر مرۆڤدا زاڵ ببێت و هێزی شەیتانی زۆر جێگەی مەترسی بووە. بەم جۆرەی بۆچوونی دوولایەنەی ئایینی زەردەشت دەربارەی چاکە و خراپە تەشەنەی کردە ناو ئایینی جولەکەکانەوە و لەوێشەوە ڕێگای بۆ ناو ئایینی مەسیحییەت کردەوە.

**وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بەزمانی یۆنانی:** دوای مەرگی ئەسکەندەری مەزن، ژودە جارێکی تریش گەڕایەوە سەر میسر کە (بەتلیمۆس)ی یەکەم (٣٦٥-٢٨٣پ.ز) سەرۆکایەتی دەکرد. لەو سەردەمەدا ژمارەیەک جولەکە چوونە میسر و لە ئەسکەندەریەی پایتەختی میسر نیشتەجێ بوون. بەتلیمۆسی دووەم (٣٠٨- ٢٤٦پ.ز) فەرمانی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی بەزمانی یۆنانی دا و دەڵێن حەفتا زانا کتێبی پیرۆزیان وەرگێڕاوەتەوە و ناوەکەشی لە زمانی فەرەنسی (سپتانت) وەرگیراوە کە واتەی حەفتا دەدات.


لە ساڵی ٢٥٠ پ.زەوە هەموو ئەوانەی کە زمانی یۆنانییان دەزانی و توانای خوێندنەوەیان هەبوو، توانییان کتێبی پیرۆز بخوێننەوە. مەبەست لەو کەسانەیە کە دەستیان گەیشتبووە فەرهەنگی پێشکەوتووی سەردەمی خۆیان. ئەمە هەنگاوێکی سەرەکی بوو لە زەمینەی گۆڕانی یەهودییەتدا بەرەو بەجیهانی بوون، کە کۆمەڵێک لە ئایینەکانی تر باوەڕیان پێی هێنابوو، بەڵام ئەم قۆناخە کراوەیە بەردەوام نەبوو. ساڵی ١٩٨ پ.ز ژودە لە بەتلیمۆسەکانی میسرەوە کەوتە دەست سلوکییەکانی سووریا کە کەمتر نەرم و نیان بوون. (ئانتیکۆس)ی چوارەم (٢١٥-١٦٤پ.ز) گوشارێکی زۆری خستە سەر جولەکەکان و ویستی چاو لە بۆچوونەکانیان بپۆشن و فەرهەنگی یۆنانی قبووڵ بکەن. یەهودییەکان بەسەرۆکایەتی (ژوداس ماک شابە) و براکانی لە ساڵی ١٦٨ پ.زدا ڕاپەڕین. سلوکییەکان زۆر لەوە لاوازتر بوون کە ڕاپەڕینی جولەکەکان تێک بشکێنن و ئەوان بەڕێبەرایەتی (ژان هیرکان)ی یەکەم و (ئەلکساندر ژانە) لە ساڵی ١٥١ پ.زدا سەربەخۆییان بەدەست هێنا. ژوداس ماک شابە، بەهۆی کێشە لە ناو بنەماڵەکەیدا، کە لە ئەنجامدا شەڕی ناوخۆیی لێ پێک هات، لە دەسەڵات کەوت و ساڵی ٦٣ پ.ز سەرۆکی ڕۆم (کنۆس پۆپمیۆس یا پمپی) (١٠٦- ٤٨ پ.ز) جێگەی ماک شابەی گرتەوە و هەرێمێکی ڕۆمیی پێک هێنا و (هرود)ی (٧٣-٤ پ.ز)ی کردە شای ژودە.

هرود بۆ ڕاکێشانی ڕای جولەکەکان، داب و نەریتیانی قبووڵکرد و سەرلەنوێ پەرستگای بۆ دروست کردنەوە، بەڵام چونکە ئەو ڕۆمی و خەڵکی (ئیدۆمۆن) بوو، ڕێبەرە چاوچنۆکە جولەکەکان دوژمنایەتییان کرد.



زۆربەی جولەکەکان بیرەوەری شۆڕشی ماک شابە و پێشبینیی پەیامبەرەکانی خۆیان لەبیر بوو، کەسێکیان دەویست کە خۆی بۆ خودا تەرخان بکات و جڵەویان بۆ سەرهەڵدانێکی سەرکەوتوو دژ بەڕۆم بگرێتە دەست. چاوەڕوانی ڕێبەرێکیان دەکرد کە لەژێر چەپۆکی بێگانەدا ڕزگاریان بکات.

**لە دایکبوونی مەسیح (مێژووی مامناوەندەیی)**: بەم جۆرە، لەسەرەتای سەردەمی ئێمەدا، یەهودییەکان چاوەڕوانی ڕزگارکەرێک بوون کە ژیانیان بگۆڕێت. لەو کاتەی مێژوودا بوو کە بەنووسینی ئینجیل، منداڵێک لە (بەیتوللەحم) چاوی بەژین کردەوە کە پێناسەی بنەماڵەی داود یا کوڕی خودای هەبوو بەناوی یۆنانیی عیسا.



**فینیقییەکان لەوپەڕی دەسەڵات و فەوتاندا:** شارەکانی فینیقیی کە لە لایەن ئاشوورەکانەوە داگیر کرابوون، توانییان لە بەرامبەر کلدانەکاندا خۆیان ڕابگرن، بەڵام سەرئەنجام کەوتنە دەست ئێران. سەرەڕای ئەو مەترسییە، فینیقییەکان لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا درێژەیان بەکاروباری بازرگانی و

دۆزینەوەکانیان دا. تەنانەت وادیارە بەرلە ساڵی ٩٠٠ پ.ز و دوای بەجێهێشتنی (چیای تاریق- جبل تاریق) گەیشتبنە دوورگەی ئەتڵەس و کاتێک کانزاکانی قەڵایی لە ئاسیای ڕۆژئاوادا لە تەواوبووندا بوون واتە یەکەم کانزا کە تەواوبوو، فینیقییەکان بۆ دۆزینەوەی کانزای نوێ، تا دوابەشی (کورنۆیل) لە دواخاڵی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلیز چووبن. فینیقییەکان بۆ ئەوەی کە تەنیا بۆ خۆیان کەڵک لەو کانزایانە وەربگرن، شوێنەکانیان بەنهێنی دەهێشتەوە و نەیاندەهێشت هیچ کەس بەو ناوچانە بزانێت، بەچەشنێک کە هێشتا بەتەواوی ئەم شوێنە دیار نییە. هەروەها لە چەند بەشی دەریای سپی ناوەڕاستدا، واتە لە قوبروس، لە کەنارەکانی ئەفریقای باکور، سیسیل و ئیسپانیادا بەشوێن کانزای قەڵاییدا گەڕان. گرنگترین کۆڵۆنیی ئەوان (قەرتاج- کارتاژ) لە نزیک (تونس)ی ئەمڕۆ بوو. بەگوێرەی ئەفسانەکان، ساڵی ٨١٤ پ.ز سەرەتا ئاشوورەکان و دوایی ئێرانییەکان کۆتاییان بەدەسەڵاتی سیاسی فینیقییەکان هێنا. قەرتاج کە تا ڕادەیەک لە دەسەڵاتی بێگانە دووربوو، توانی پەرە بەدەسەڵاتی خۆی بدات.

ساڵی ٦٥٠ پ.ز قەرتاج کەشتی هەبوو و بەکاری بازرگانی لە دەریادا سوپایەکی لە بەکرێگرتەکان پێک هێنا. شار کۆنترۆڵی هەموو فینیقییە کۆڵۆنییەکانی بەدەست گرت و خۆی وەک تەنیا هێزی سەرەکی دەریای سپی ناوەڕاستی ڕۆژئاوا سەلماند. فینیقییەکان کە بنەمای کەشتیرانیی ئیمپراتۆریی ئێرانیان داڕشتبوو لە ساڵانی ٥٠٠ی پ.زدا یەکەم سەفەری دەریایی خۆیان بەدەوری ئەفریقادا ئەنجامدا کە سێ ساڵی خایاند. بەڵام ئەسکەندەری مەزن لە شەڕێکدا بەدژی ئێرانییەکان شاری ترواى گەمارۆدا و بەتەواوی وێرانی کرد. فینیقییەکان دوای ئەم نەهاتییە، ئیتر بەردەوام نەبوون و تەنیا قەرتاج مایەوە. قەرتاج بەدرێژایی چەند سەدە لە سیسیل دژی یۆنانییەکان شەڕی کرد، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن. قەرتاج دەبووایە لە بەرامبەر دوژمنی نوێ و بێ بەزەییدا ڕابوەستێ. لە ساڵی ٢٦٤ی پ.زدا ڕۆم کە هەموو ئیتالیای خستبووە دەست خۆی، جێگەی یۆنانییەکانی گرتەوە. یەکەم شەڕی (پونیک) کە بیست و سێ ساڵی خایاند، شکستی قەرتاجی مسۆگەر کرد و ناچار بوو سیسیل بداتە دەست ڕۆمییەکان. سەرەڕای ئەم شکستانە، قەرتاجەکان درێژەیان دا بەبەرفراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە ئیسپانیادا، کە ڕۆمییەکان پێشیان پێ گرت.

(ئاینبال- هاینبال)، یەکێک لە فەرمانڕەوا لێهاتووەکانی مێژوو بووە کە لە ئیسپانیا سەرۆکایەتی هێزەکانی قەرتاجی دەکرد. توانای شکاندنی ڕۆمییەکانی لە هەر شوێن و بارودۆخێکدا هەبوو. ساڵی ٢١٨ی پ.ز ئاینبال بەزەویدا هێرشی کردە سەر ئیتالیا، لە کاتێکدا دوژمن لە دەریادا چاوەڕوانی دەکرد. ئاینبال لە (گۆل)ی باکور تێپەڕی و لەگەڵ شەڕکەرەکانی بەژمارەیەک فیلەوە خۆی گەیاندە سەر بەرزاییەکانی (ئالپ). لەو شەڕەدا کە دووەم شەڕی پونیک بوو، ئاینبال سێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دوا سەرکەوتنی لە (کان- کانسی ئێستای فەرەنسا) و لە ساڵی ٢١٥ی پ.زدا بوو کە گەورەترین کارەساتی بۆ ڕۆمییەکان دروست کرد، بەڵام ڕۆمییەکان خۆیان نەدۆڕاند و درێژەیان بەشەڕدا. ڕێبەرانی قەرتاج بەداخەوە مامەڵەیان لەسەر ئاینبال کرد. زۆربەیان دژ بەخۆبەزلزانیی سەرۆکەکەیان و لووتبەرزیی ڕاوەستان و ئەویان پتر بەمەترسی زانی تا هێرشی دوژمنە ڕۆمییەکەیان.



ئاینبال سەرەڕای لێهاتوویی نەیدەتوانی بەبێ گەیاندن و دابەشکردنی ئازووقە بەرێکوپێکی لەناو شەڕکەرەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، لەبەر ئەوە لە ٢٠١ پ.زدا ڕۆمییەکان ئاینبالیان شکاند و قەرتاجیان ناچار بەقبوولکردنی ئاشتییەکی ماڵوێرانکەر کرد، بەڵام شار هێشتا بەشێک لە سەرچاوەکانی مابوو. قەرتاج بەبێ دەستکەوت لە کۆڵۆنییەکانی دەرەوەی تووشی تەنگوچەڵەمە بوو، سەرلەنوێ بەیارمەتی دراوسێکانی و ڕۆمییەکان خۆی ڕێکخستەوە، بەڵام ڕۆم لە ترسی سەربەرز کردنەوەی دووبارەی نەیارەکەی، ساڵی ١٤٩ پ.ز بۆ سێیەم جار بێ بەزەییانە شەڕی بەسەر پونیکدا سەپاند. دوای شەڕێکی خۆبەختکەرانە کە سێ ساڵی خایاند، قەرتاجەکان شکان و لە ساڵی ١٤٦ پ.زدا شار لەگەڵ زەوی تەخت کرا. بەم جۆرە لە کۆتاییی دوا هەزارەی پ.زدا، فینیقییەکان کە ڕۆڵی گرنگیان لە کەنعان، تیر و قەرتاجدا گێڕابوو، شوێنەواریان نەما و وەک ئەوانی‌تری پێش خۆیان واتە سۆمەرەکان و شارستانییەکانی‌تر، فینیقییەکانیش زۆر دەستکەوتیان بۆ مرۆڤ بەدیاری هێنا، بەڵام نەیانتوانی یارمەتی مانەوەی خۆیان بدەن.

**دیموکراسی لە یۆنان سەرهەڵدەداتەوە:** لە سەرەتای مێژوودا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ ڕێبەرایەتی کردنی خۆی پاشای هەبوو. ئەگەر پاشاکان دەسەڵاتیان بووایە خاکی دراوسێکانیان داگیر دەکرد و ئیمپراتۆرییان دادەمەزراند. سەرەتا خۆیان بەخودا دادەنا و بەگەشەکردنی هونەری شەڕ بۆ داسەپاندنی دەسەڵات، لەسەر هێزی خۆیان حساب دەکرد، بەڵام دۆزراوەکان تەنیا قازانجی ئابوورییان نەبوو. لە دوا هەزارەی پ.زدا گەشەکردن زەمینەی ڕێکخستنی سیاسیشی گرتەوە کە گرنگترینیان گەڕایەوە بۆ یۆنان. کاتێک یۆنان سەردەمی کۆیلەتی بەجێهێشت کە هێرشی دورییەکان پێکهێنەری بوو، وڵات لە دەوڵەتی شارە جیاوازەکان پێک هاتبوو و ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین یۆنان، لە کەنارەکانی بەشی ئاسیای دەریای ئیجە هەڵکەوتبوو. ئەم وڵاتە بەهۆی زنجیرە چیاکانەوە دابەشکراوە و هەر شارەی بەسەر شوێنێکی بچووکدا حوکمی دەکرد.


لەبەر ئەوە پێکهاتەی جوگرافیایی پێشی دەگرت لە کۆکردنەوەی شارەکان لە کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی وەک وڵاتی میسر یا ئیمپراتۆرییەکانی‌تر و شارەکانی یۆنانی کۆن بەکردەوە نەیانتوانی یەک بگرنەوە و ئیمپراتۆرییەکان بەردەوام نەدەبوون. یۆنانییەکان مەزنترین بایەخیان بەئازادیی دەدا و شەڕە پەیتاپەیتاکان شارە جیاوازەکانی لە بەرامبەر یەکتردا ڕادەگرت. یۆنانییەکان سوارەی پڕچەکی (هۆپلیت)یان هەبوو کە لە دەستەی بچووک پێک هاتبوون.

شەڕکەرە پیادەکان پشتی یەکتریان دەگرت و ئەمەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو لە زەمینەی کەڵک وەرگرتن لە تاک لە شەڕی ترواددا. لە قۆناخێکدا هۆپلیتەکان هاوتایان نەبوو و دوای ئەمە دراوسێکانی یۆنانیش کە بەشێوازی نەتەوە و لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریدا خۆیان ڕێکخست، لە یۆنانییەکانەوە فێری شەڕ بوون و توانییان لە بەرامبەر یۆنانییەکاندا ڕاوەستن. نەبوونی یەکێتی لەنێوان یۆنانییەکاندا هەمیشەیی نەبوو. زمانی هاوبەشیان هەبوو، لە دروشمەکانی هۆمیرۆسدا هاوبەش بوون، پێکەوە

بەشداریی یارییەکانی ئۆلومپیایان دەکرد و لە ماوەی یارییەکاندا ئاگربەسیان ڕادەگەیاند. لەو ناوەدا یارییە وەرزشییەکان کە دەڵێن یەکەم جار لە ساڵی ٧٧٦ی پ.زدا دەستی پێ کردووە، بێگومان هۆی هەرە بەهێزیان بووە. دوای ڕزگاربوونی یۆنان لە کۆیلەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و ژمارەی دانیشتووانی لە ساڵی ٧٠٠ی پ.زدا گەیشتە نزیکەی دوو میلیۆن. مەترسی زیاد بوونی دانیشتووان لە هەرێمەکانی تریشدا بەرچاو دەکەوت و ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەری پێکهێنانی کۆلۆنی بوو و یۆنانییەکان بۆ بەدەستخستنی کۆلۆنی وڵاتی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویان لە کەنارەکانی دەریای ڕەش، سیسیل لە باشووری ئیتالیا و ئەفریقای باکور کرد. بەڵام ئەم بەرفراوان بوونەوەیە بەهۆی نەبوونی دەرەتانی پێویست و دژایەتی قەرتاجەکان و هێزەکانی تری ئاسیا ڕاوەستێنرا. نزیکەی نیو میلیۆن یۆنانی لە کۆلۆنییەکاندا نیشتەجێ کرابوون، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی یۆنان بەبەردەوامی لە بەرزبوونەوە و زیادبووندا بوو.

شارەکانی سپارت و ئاتن دوو شاری سەرەکیی ئەوکاتەی یۆنان، ڕێگاچارەی جیاوازیان بۆ گرفتی زیادبوونی دەسەڵاتی خۆیان هەڵبژارد. لە باشوور سپارت شەڕێکی درێژخایەنی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەڵگیرساند و (پلۆنۆس)ی داگیر کرد و هەموو ئەوانەی کە سپارت نەبوون کردنی بەکۆیلە. سپارت خۆی گەیاندە ڕادەی یەکەم هێز، بەڵام نرخێکی زۆر گرانی بۆ دا.

بۆ پێشگیریکردن لە ڕاپەڕینی کۆیلەکان کە بەژمارە پتر لە سپارتەکان بوون، سپارت دیسیپلینی سەربازیی دامەزراند و ئەمەش وایکرد کە سپارتەکان ببن بەباشترین سەربازەکانی یۆنان، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە هەموو دەستکەوتەکانی فەرهەنگی دووری خستنەوە. بەداخەوە مۆدێلی سپارت کە






پێکهێنەری ناسەقامگیریی وڵات بوو، دواتر لە لایەن ئەم کۆمەڵگایانەوە کە خاوەنی کێشەی بەو جۆرە بوون، دووپات کرایەوە.

ئاتن کە لە بەشی ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی یۆنان هەڵکەوتووە، ڕێگایەکی تری هەڵبژارد. ئاتنییەکان هەموو نیوە دوورگەکانی (تیک)یان کۆ کردەوە و لە بواری گرنگایەتیدا ئەوانیان بەشاری دووەمی یۆنانیان قبووڵ کرد، بەڵام سەرکەوتنیان قەرزداری دەستکەوتەکانی بازرگانی بوو نەک شەڕ و پێکدادان.

بازرگانی یارمەتی بەئاتن دا کە ژیانی کۆمەڵگایەک دابین بکات کە بەبەردەوامی لە زیاد بووندا بوو. جگە لەوە، لە لەشکرکێشییەکانیاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای ڕەش، لەگەڵ فەرهەنگی جیاوازدا ڕووبەڕوو بووەوە و بەشێک لەو فەرهەنگانەی وەردەگرت. لەو ڕێگایەوە دەرەتانی دامەزراندنی کۆمەڵگای بەرزتری پەیداکرد. بەپێچەوانەی شارستانییەتەکانی تری ئەو سەردەمەوە، شارەکانی یۆنان وازیان لە سیستمی پاشایەتی هێنابوو. سپارت دوو شای هەبوو کە پتر بەڕێبەری سەربازی دەناسران تا ڕێبەری سیاسی. بەلاوەنانی ڕژێمی پاشایەتی، دەستبەجێ گەشەکردنی ڕاستەقینەی بەدواوە نەبوو، دەوڵەت کەوتە دەست گرووپێکی بەگزادە (ئەرستیۆکرات) و خۆی لە چوارچێوەی گرووپێکی بچووک و پاوانکراودا دیتەوە. زۆربەی خەڵک کە خۆیان بێبەش دەبینی باوەڕیان بەسیاسییەکان هێنا، کە دەیانتوانی بەرگری لە ماف و قازانجی ئەوان بکەن. ئەم دووانە واتە ڕێبەرانی سەربازی و بەگزادەکان، سیستمێکی ئەوەندە سەرەڕۆیان دامەزراند کە بەکردەوە پاشای بێ تاج و تەخت بوون و هێندێکیان بەڕادەیەک کەڵکی نابەجێیان لە دەسەڵات وەرگرت کە وشەی (سەرەڕۆ) بەواتەی (خاوەن و خۆ بەخاوەن زانین)، لە دواڕۆژدا بوو بەهێمای بێ بەزەیی و سەرەڕۆیی دەوڵەتە گەندەڵەکان. هەموو سەرەڕۆکانی ئەوکاتە بەشێوەیەک نەبوون کە ئەمڕۆ ئێمە مەبەستمانە. چ ڕژێمەکان و چ بێگانەکان کە وڵاتێکیان کۆلۆنی کردبوو، ڕێگر نەبوون لەسەر ڕێگای گەشەکردنی بەپەلەی فەرهەنگ و ئەمەش ئەمڕۆ بۆ ئێمە سەرسوڕهێنەرە و بە(بلیمەتیی یۆنان) ناویان دەبەین. تەنانەت شارەکانی (ئەیۆن) لە کەنارەکانی ئاسیای ڕۆژئاوادا وەک (ئەفزە) و (میلت- ملتی) کە لەژێر فەرمانی لیدی یا ئێراندا بوون، ژمارەیەکیان زانا لێ پەیدابوو کە بنەمای فەلسەفەی ڕۆژئاوایان داڕشت. ئەم زانایانە، کە لەسەر پێکهاتەی جیهانیان دەکۆڵییەوە، بەشوێن دۆزینەوەی یاسای حاکم بەسەر ئەم دیاردەیەدا دەگەڕان تا بەیارمەتی وەرگرتن لە بۆچوونی بەرزی سروشت. ئەم مەسەلەیە جیاوازیی بنەڕەتیی هەبوو لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کە لە ڕابوردوودا، ڕووداوەکانی جیهانیان بەدەستێوەردانی یەک یا چەند خوداوە دەبەستەوە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبوو پتر لە هەزار ساڵ چاوەڕوانی بێت تا شۆڕشێکی زانستی بەکردەوە ببینێت، بەڵام یەکەم بنەماکانی ئەم شۆڕشە بەرلە زایین لە وڵاتە شاخاوییەکەی یۆناندا ڕیشەی داکوتابوو.

**لە دایکبوونی تالیس ملتی (میلت) یەکەم فەیلەسوفی سروشتناس:** مێژوو لە نێوان فەیلەسوفەکانی سروشتناسدا، تالیس ملتی (٦٤٥-٥٤٧ پ.ز) بەیەکەم فەیلەسوف دەناسێت. هەروەها یەکەم زانا بووە کە ناوی ماوەتەوە. لە چوارچێوەی بۆچوونەکانیدا، یۆنان بۆ ماوەی هەزار ساڵ پلەی یەکەم پێشکەوتنی

زانست و بیرکاری بەدەست بوو. ئەم هەوڵدانە بەهۆی ڕاپەڕینی شارەکانی ئەیون دژی ئێران و شکانیان لە شەڕدا، کۆتاییی پێ هات، بەڵام هەروەک پێشتر گوتمان، بۆچوونەکان پایەدارن و جێگە دەگۆڕن. لەبەر ئەوە فەلسەفە سەرلەنوێ لە ئاتن لە دایک بوو و لەوێش گەشەی سەند.

**لە دایکبوونی سۆلۆن، یاسادانەر و بڵاوکەرەوەی دیموکراسی:** ئاتن بەکەڵک وەرگرتن لە هەڵسووڕانی کەسانی خاوەن بیر لە زۆر بواری جیاوازدا، جڵەوی دۆزینەوەکانی بەدەست گرت. بۆ نموونە هەوڵیدا کە سیستمێکی عادیلانەی ئابووری بۆ دانیشتووانی دامەزرێنێ. سۆلۆن (٦٣٠-٥٦٠ پ.ز) ڕادەی زەوی خاوەن موڵکەکانی دەستنیشان کرد و ڕێگای بۆ چینی هەژاری وڵات کردەوە کە بەشێوەیەکی بەرینتر بیروڕای خۆیان لەسەر دەوڵەت دەربڕن. هەروەها بۆ پەرەپێدانی بازرگانی، گۆڕانی لە پارەدا پێک هێنا و سەرئەنجام بەبێ ئەوەی کە بەسەرەڕۆ (خاوەن) بناسرێت، ئەم کارانەی کرد و بەو هەنگاوانەی پاڵی بەئاتنەوە نا کە بەرەو سیستمێکی نوێی سیاسی بەناوی دیموکراسی یا حوکمی گەلی بچێت. دیموکراسی بەشێوەی ئاشکرا حەقانیەتی سیاسی لە بەرامبەر حەقانیەتی ڕژێمی پاشایەتیدا زەق کردەوە. پاشاکان دەیانگوت بەهۆی پێوەندی تایبەتییان بەخوداکانەوە دەسەڵاتیان پێ دراوە. ڕێبەرە دیموکراتەکانیش لە ئاتن وەک ئەمڕۆ، ڕایاندەگەیاند، لە لایەن جەماوەرەوە هەڵبژێراون بۆ ڕێبەرایەتی کردنی گەل. ئەم سیستمە سیاسییە کە زۆربەی ئاتنییەکان لایەنگری بوون، ئاکامی زۆر بەسوودی هەبوو.

بەهۆی ئازادیی بیروبۆچوون، شار توانی بەشێوەیەک گەشە بەفەلسەفە، بیرکاری، زانست و ئەدەبیات بدات کە جیهانی ڕۆژئاوا تا ئەمڕۆش کەڵکیان لێ وەردەگرێت. بەڵام تەنیا دیموکراتەکان لە ئاتن نەدەژیان، بەڵکو پارێزەرە توندڕەوەکانیش هەبوون کە دژی چاکسازییەکانی سۆلۆن هەوڵیان دەدا و بارودۆخەکەیان بەجۆرێک ئاڵۆز کرد بوو، کە دانیشتووانی ئاتن بەئاواتی گەڕانەوە بۆ ڕژێمە سەرەڕۆکان بوون. ئەو خۆ بە(خاوەن) زانە، کە بەبێ پسانەوە لە ساڵی ٥٦٧-٥٢١ پ.زدا سەرۆکایەتی ئاتنی کرد، ڕێبەرێکی زۆر وشک و سەرەڕۆ نەبوو. دژی چاکسازییەکانی سۆلۆن نەوەستا و تەنانەت پارێزگاریشی لێکردن و پشتی جوتیارانی گرت و ئاشتیی سەقامگیرکرد و گەشەی بەپیشە و بازرگانی داو جەماوەری هاندەدا کە کار بکەن. لە بابەت بڵاوبوونەوەی دروشمەکانی هۆمیرۆسیش قەرزداری ئەوین کە تا ئێستاش کەڵکیان لێ وەردەگرین. بەو حاڵەش دوای مردنی، دانیشتووانی ئاتن کوڕەکەیان دوورخستەوە و سەرلەنوێ حوکمی دیموکراسییان دامەزراندەوە. بەڵام ئەم دیموکراسییە وەک یەکەم سیستمی دامەزراوی جیهانی شارستانییەت، چوارچێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. بۆ نموونە، تەنیا کەسانێکی بەهاووڵاتی دەناسی کە دوو پشتیان ئاتنی بووبێت و سنووری بۆ مافی بێگانە دانابوو و کۆیلە لە ژمارنەهاتووەکانی ئاتن هیچ مافێکی شارستانییان نەبوو. هەروەها ئاتن کۆمەڵێک گرفتی دەرەکیشی هەبوو. بەهۆی یارمەتیدانی (ئەیوان)ەکان لە ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەیاندا دژی ئێران، لە ساڵی ٤٩٩ پ.زدا لە لایەن ئێرانەوە هەڕەشەی لێ کرا و لە ساڵی ٤٩٠ پ.زدا داریوش هێرشی کردە سەر دەریای ئیجە و ویستی خۆی بگەیەنێتە (ئەوریاتیک) و ئاتن داگیر بکات و ئەمەش سەرەتای شەڕەکانی ئێران بوو.



**یۆنانییەکان، ئێرانییەکان لە ماراتۆن دەشکێنن:** لەو هەلومەرجەدا، ئاتن داوای یارمەتی لە سپارت کرد، بەڵام سپارتە تێبینییەکەرەکان هەوڵیاندا لە سیاسەتدا زوو سنگ پێش نەخەن. بەم جۆرە ئاتن لە نزیک (ماراتۆن) واتە چل و دوو کیلۆمەتر نزیک شار خۆی لە بەرامبەر ئێراندا بەتەنیا دییەوە. هوپلیتە چالاکەکان هەرچەندە بەژمارە کەمتر بوون لە ئێرانییەکان، بەڵام توانییان دوژمن بشکێنن. تەتەرێک هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بەئاتن گەیاند و لەوکاتەوە پێشبڕکێی ڕاکردن بەناوی ڕاکردنی ماراتۆن، هەر بەمەودای نێوان ماراتۆن و ئاتن پێک هات. خەشایاری کوڕی داریوش، بەشوێن پلانی باوکی کەوت و ساڵی ٤٧٩ پ.ز هەموو هێزەکانی خۆی بۆ لێدانی یۆنانییەکان کۆکردەوە و سەرەڕای لەخۆبوردوویی سێ سەد سپارت کە لە تەنگەی (ترمۆپیل) لە باکوری یۆنان بۆ ماوەیەک پێشیان بەئێرانییەکان گرت، خەشایار بەتێکشکاندنی ئەم سێ سەد کەسە، خۆی گەیاندە ئاتن و سووتاندی. تەمەنی سەرکەوتنی ئێرانییەکان کورت بوو. دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر ئەم شەڕەدا، ئاتن بەسەرۆکایەتی (تمیستۆکل) (٥٢٤-٤٦٠ پ.ز) هێزێکی دەریایی بەتوانای پێک هێنا. جەماوەری شارەکانی لە دوورگە نزیکەکان کۆکردەوە و کەشتییە جەنگییەکانی ئاتن بەیارمەتی شارەکانی تری یۆنان لە سێپتەمبەری ٤٨٠ پ.زدا، یەکەکانی دەریاییی ئێرانیان لە شەڕی (سەلامین)دا لەناو برد. دوایی چارەنوسی شەڕەکە کەوتە دەست یۆنانییەکان و لە پێناوی ئازادکردنی شارەکانی کەناری دەریای ئیجەدا، کە بەدەست ئێرانییەکانەوە بوون، درێژەیان بەشەڕدا و ئازادیان کردن و کردیانن بەبەشێک لە وڵاتی ئیمپراتۆریی. بەدوای ئەمەدا، ژمارەیەک قەڵایان لە دەوری ئاتن و کەناری (پیرە) دروست کرد و ئەو دوو ناوچەیەیان بەهۆی دیوارێکی درێژەوە بەیەکترەوە بەستەوە.

**حوکمی دۆڵت پریکلس لە ئاتن:** لە ساڵی ٤٦٠ پ. زدا، ئاتن لە لایەن بەگزادەیەکی ئازادیخواز بەناوی (دۆڵت پریکلس) (٥٢٩-٤٩٥ پ.ز) سەرۆکایەتی دەکرا و لە سەردەمی ئەودا ئەدەبیات، هونەر و فەلسەفە پێی نایە قۆناخێکی زێڕینی ژیانەوە و ئاتن و شارەکانیتر بەوپەڕی توانای خۆیان گەیشتن و ژمارەی دانیشتووانی یۆنان گەیشتە سێ میلیۆن و ئاتن بەتەنیایی پەنجا هەزار دانیشتوو و سەدان هەزار کۆیلەی هەبوو، بەڵام ئەم بەختەوەرییەی ئاتن لە بەرامبەر دووبەرەکی شارەکانیتری یۆناندا خۆی ڕانەگرت.

سپارت کە لە زەمینەی شکاندنی ئێراندا یارمەتی ئاتنی دابوو، لە بەرامبەر پەرەسەندنی هێزی ئاتندا هەستی بەمەترسی دەکرد. سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوانیاندا دەگەڕایەوە بۆ لاوازیی بەردەوامی سپارتەکان لە بڕیارداندا، بەتایبەت بەدوای بوومەلەرزەیەکدا کە ساڵی ٤٦٤ پ.ز بەشێکی زۆری لە شار وێران کرد. کۆیلەکان بەکەڵک وەرگرتن لەم ڕووداوە، ڕاپەڕین و پانزدە ساڵی پێچوو تا سپارتەکان توانییان وێرانییەکانی ئەو کارەساتە سروشتییە چارەسەر بکەن و لەو ماوەیەشدا بوو کە ئاتن قەڵا و دیوارەکانی بەرگریی دروست کردەوە.

**هەڵگیرسانی شەڕی پلۆپۆنس**: لە ڕاستیدا ئاتن لە بەرامبەر شارەکانی تردا کەڵکی نابەجێی لە دەسەڵاتی خۆی وەردەگرت. زوڵمی لێ دەکردن و داهات و دەستکەوتە هاوبەشەکانی پتر لە چاکسازیی خۆی خەرج دەکرد. بەم جۆرە بوو کە (پانتۆیۆن) ڕەنگە وەک جوانترین خانووبەرە لە هەموو سەردەمەکاندا دروست کرا. شارەکانی یۆنان ڕوویان لە سپارت دەکرد و ساڵی ٤٣١ پ.ز سپارت داخی خۆی بەئاتن ڕشت و ئەمە سەرەتای شەڕی پلۆپۆنس بوو. سپارتەکان پەلاماری ئاتنیان دا و دانیشتووانی لە پشت دیوارەکانی شارەوە بەرگرییان لە خۆیان کرد. زۆریی ژمارەی دانیشتووانی ئاتن و کەمیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ڕێگای بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون کردەوە کە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لەوانە (پریکلس)ی لەناوبرد و دەسەڵاتی کز کردەوە. شەڕ بیست و حەوت ساڵی خایاند و هەردوولا بەهۆی ئەم شەڕەوە لاواز بوون.

لەو شەڕەدا، ئێران لە بەرامبەر بەدەستهێنانی سەرلەنوێی شارەکانی یۆنان لە ئاسیای بچووکدا، یارمەتی سپارتەکانی دا. بەڵام ئەم یارمەتییە نەیتوانی ئاتن بشکێنێ و تا ئەوکاتەی کە ئاتن یەکەی شەڕکەری دەریایی هەبوو، بەچۆکداهێنانی دژواربوو، بەڵام سپارت فەرماندەیەکی لێهاتووی دەریایی هەبوو بەناوی (لیساندر)، کە ساڵی ٤٠٤ پ.ز یەکەکانی دەریاییی ئاتنی لە (ئەگۆس پۆتامس) کە ماوەیەکی کەمی لەگەڵ ناوچە کۆنەکەی تروا هەبوو، لەناوبرد. ئاتن بەناچار خۆی بەدەستەوەدا، دیوارەکانی بەرگریی ڕووخاند و حوکمی دەربەگایەتی دامەزراندەوە و دەسەڵاتی سپارتی قبووڵ کرد. بەڵام سپارت پتر لە ئاتن گوشاری دەخستە سەر دانیشتووان و هێزی لێ بڕین. ئاتنییەکان بەکەڵک وەرگرتن لە نارازیی گشتی کە لە هەموو وڵاتدا سەری هەڵدابوو لە ساڵی ٣٩٣ پ.زدا کۆتایی بەسپارت هێنا و سەرلەنوێ دیوارەکانی شاری دروستک ردەوە و حوکمی دیموکراتیی خۆی دامەزراندەوە.

**لە دایکبوونی ئەفلاتون و ئەرەستۆ**: بێگومان شاری ئاتن هەرگیز بەدەسەڵاتی پێشووی نەگەیشتەوە، بەڵام سەرەڕای شەڕ و گرفتی زۆری، وەک ناوەندێکی فەرهەنگی مایەوە و ئەفلاتون (٤٢٨-٣٤٨ پ.ز) و ئەرەستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) دوو فەیلەسوفی هەرە مەزنی مێژووی مرۆڤایەتی پێشکەشی جیهان کرد.

**دەستپێکردنی سەرکەوتنەکانی ئەسکەندەر**: ئەفلاتون ئاکادێمیایەکی دامەزراند، کە لە ڕاستیدا باوکی زانکۆکانی ئێمەیە و بۆ سوکرات مامۆستای ئەم ئاکادێمیایە، زنجیرە باس و گفتوگۆیەکی فەلسەفیی تەرخان کرد کە چوارچێوەی کارەکانی پێک دێنن. سەرەڕای پێشکەشکردنی بەرهەمە فەرهەنگییە بەرچاوەکانی ئاتن و شارەکانی تری یۆنان بەجیهان، لێکداپچڕانی پەیتا پەیتا، ئەم وڵاتەی لە پشوو خست و ڕێگای سەرکەوتنەکانی لێ گرت.

سپارت بۆ ماوەیەک (تب)ی خستە ژێردەستی خۆی، بەڵام تب بەسەرۆکایەتی (پیلۆپیداس) کە ساڵی ٣٦٤ی پ.ز کۆچی دوایی کرد و (ئێپامی نۆنداس) (٤١٠-٣٦٢پ.ز) سەرلەنوێ خۆی گرتەوە. ئێپامی سیستمێکی قووڵ و ئاڵۆزی دامەزراند و هۆپلیتەکانی لە گرووپی بچووکی گۆپاڵ بەدەست



(چۆماخدار)دا ڕێکخست، کە توانای چوونیان بۆ ناو دەستە و گرووپە نەیارەکاندا هەبوو. ساڵی ٣٧١پ.ز چۆماخدارەکانی تب لەگەڵ سپارتەکان لە (کولتر) شەڕیان لێ پەیدابوو و سپارتەکان نەیانتوانی لە بەرامبەر کردەوەی ناماقووڵی تبەکاندا تاکتیکی جەنگی خۆیان بگۆڕن و لە ئاکامدا بەتوندی شکان و تەنیا مەرگی (ئپامینن داس) لە شەڕێکی دیکەدا نەیهێشت تب، سپارت داگیر بکات. شکانی سپارت کۆتاییی بەشەڕە ناوخۆییەکان نەهێنا، بەڵام ڕێگای بۆ خۆش کرد. فیلیپ لە تب بەدیل گیرابوو و ئاگای لە کردەوەی چۆماخدارەکان هەبوو.

فیلیپ سەرلەنوێ سوپای ماکەدۆنیا (مەقدۆنییە)ی ڕێک خستەوە و زەمینەیەکی بۆ چۆماخدارەکانی تب ڕەخساند. سوپاکەی زۆر باش ڕاهێنا و سوارەی شەڕکەر و سەپانهاوێژ (قۆچەقانهاوێژ) و ئامێر و کەرەسەی جەنگیی بۆ گەمارۆدان ئامادەکرد. بەهۆی دۆزینەوەی کانزای زێڕ لە ماکەدۆنیا، سیاسییەکانی دژ بەخۆی کڕی و بەکۆکردنەوەی هێزێکی زۆر، سوپای پێکهاتووی ئاتن و تبەکانی لە (کرونە) تێک شکاند و بەم سەرکەوتنە هەموو یۆنانی خستە ژێردەستی خۆی. فیلیپ بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئێران، بەڵام ساڵی ٣٣٦ پ.ز کوژرا و پلانە مەزنەکەی بۆ کوڕەکەی واتە ئەسکەندەر بەجێهێشت، کە تەنیا بیست و یەک ساڵ تەمەنی بوو. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ سەرکەوتنی ئەسکەندەر بەسەر ئێراندا کرد، بەڵام ئەسکەندەری لاو دەبووایە سەرەتا دژی یۆنانییەکان بەربەرەکانێ بکات. چونکە بەمردنی فیلیپ، وڵاتانی ژێردەستی، دژی جێنشینەکەی واتە ئەسکەندەر ڕاپەڕیبوون، بەڵام ئەسکەندەر بەهۆشیاریی سەربازیی خۆی لەو زەمینەیەدا یەک بەدوای یەکدا نەیارەکانی شکاند.

**مەرگی ئەسکەندەری مەزن**: ئەسکەندەر بەداگیرکـــــردنی ئێران هەموو شارستانییەتەکانی جیهانی جگە لە قەرتاج و کۆڵۆنییەکانی یۆنان، سیسیل و ئیتالیای خستە ژێرفەرمانی خۆی. ئەسکەندەر بەدرێژایی ژیانی هەرگیز لە هیچ شەڕێکدا نەشکا و مرۆڤ بەدژواری دەتوانێ ڕەوتی گەشەسەندنی جیهان لە بوون و مانەوەی پتری ئەودا نەبینێت. ئەسکەندەر ساڵی ٣٢٣ پ.ز لە تەمەنی ٣٣ساڵیدا لە دوای خواردنەوەی مەی کۆچی دوایی کرد. هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی ئەسکەندەر کارتێکەریی باشی هەبوو لە زەمینەی گەشەکردنی زمان و فەرهەنگی یۆنان، بەتایبەتی لە هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاستدا. دوای مەرگی ئەسکەندەر یەکێک لە فەرماندەکانی بەناوی (ئانیتگۆن) یا ئانیتگۆنیە سەرۆکایەتی ماکەدۆنیا و هەموو یۆنانی گرتەدەست و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سلوکییەکان دەسەڵاتی بەشێکی گەورەی ئاسیا و بتلمیسۆس و میسریان خستە دەست خۆیان.

هەموو ئەو دەوڵەتانە وڵاتێکیان پێک هێنا کە پێی دەگوترا وڵاتی یۆنانییەکان. لەوکاتەدا گرووپێکی کارامە لە یۆنان و ماکەدۆنیاوە بەشوێن بەدەستهێنانی سامان کەوتن لە وڵاتە نوێیەکاندا، بەڵام ئەم کۆچکردنە بوو بەهۆی دابەزاندنی ژمارەی دانیشتووان و وڵاتی بەرەو نەمان برد. یۆنانییەکانی نیشتەجێ لە وڵات و تەنانەت کۆچەرەکانیش بەقوڵیی درێژەیان بەچالاکییە فەرهەنگییەکانیان دا و بۆ چەندان سەدە زانست و زانستی بیرکارییان لە دەست خۆیاندا ڕاگرت، بەڵام سەرئەنجام دەستکەوتەکانیان بەرەو کزیی

چوو و فەرهەنگیان بۆ دواوە گەڕایەوە.

ئایا نابێ بەو ئاکامە بگەین کە شارستانییەتەکان هەر بەم جۆرەی ئێمە ئاگاداری پێکهاتن و گەشەکردنیانین، بەهۆی زیادەڕۆییان لە زەمینەی گەشەکردندا، بۆخۆیان دەبنە هۆی لەناوچوونی خۆیان؟ بەداخەوە ئەو وڵاتە نوێیانەی ببوون بەیۆنانی، داب و نەریتی دوژمنانەیان لە دەوڵەتە کۆنەکانیانەوە بۆ مابووەوە. شەڕی بێ پسانەوەی ناوخۆیی، لاوازی کردن و بەشێکی زۆری وڵاتانی ژێردەستی سلوکییەکان لە لایەن پارتەکانەوە داگیرکرا و بەشەکەی تریش کەوتە دەست ڕۆم. لە دوا سەدەی پ.زدا لە هەموو وڵاتە یۆنانی بووەکاندا تەنیا میسری (بەتلیمۆس) مابووەوە. میسر بەبێ ئەوەی کە هی فیرعەونەکان بێت، پلەیەکی زۆر باشی بەدەست هێنابوو. لە ڕووباری نیل وەک هەمیشە خاوەن بەرهەمی زۆر بوو و میسرییە خۆڕاگرەکان توانییان لەژێر باری چەوساوەیی حکومەتەکاندا فەرهەنگی خۆیان بپارێزن. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئاشوورەکان و داگیرکەرانی ئێراندا، بیست و شەشەمین بنەماڵەی حکومڕانانی میسر دەسەڵاتی وڵاتی بەدەست بوو و بۆ ماوەی سەدە و نیوێک لەبەر ڕۆشنایی داب و نەریتی نەتەوایەتیدا گەشەی بەهونەر و ئەدەبیاتی وڵات دا.

لە کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆریی ئێراندا، میسر بۆ ماوەی پەنجاساڵ ئازاد بوو، بەڵام سەرلەنوێ لە ساڵی **٣٤٣** پ.زدا بۆ هەمیشە داگیرکرا. میسر زۆرباش پێشوازی لە ئەسکەندەر کرد و ئەویش بێگومان میراتێکی باشی بۆ بەجێهێشت، کە بێگومان خۆڕاگرترینیان شاری ئەسکەندەریە بوو، کە لە سێ سوچی (دەلتای) ڕووباری نیلدا دروست کراوە. دوای ئەمە، میسر بەخەیاڵی ڕاحەتەوە چووە ژێر فەرمانی بەتلیمۆسەکانەوە. سێ کەسی یەکەمیان شازادەی ڕادیکاڵ و لێهاتوو بوون و وڵات بۆ ماوەی سەدەیەک کۆمەڵێک سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە لە ماوەی نۆ سەد ساڵی ڕابوردوودا بۆی نەناسراو بوو. ئەسکەندەریە نمونەی نیگارێکی پێشتر کێشراوی شارە مەزن و مۆدێرنەکانی ئەمڕۆیە. هەرچەندە ئەم شارە لە میسردا هەڵکەوتووە، بەڵام هەرگیز میسری نەبوو و فەرهەنگی هەمەجۆرەی جیاوازی تێدا بەرچاو دەکەوت. بەتلیمۆسەکان شاریان ڕازاندەوە و موزە یا پەرستگای (موزس)ەکانیان لێ دروست کرد کە پەیامهێنەری هونەرمەندان و زانایانە. ئەم موزەیە لە سەرەتاوە تایبەتمەندیی زانکۆکانی ئەمڕۆی هەبوو و زۆر بەپەلە ئەسکەندەریەی گەیاندە پلەی مەزنترین ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی. بەتلیمۆسەکان کتێبخانەیەکیشیان دروست کرد، کە لەوە دەچێت مەزنترین کتێبخانەی جیهان بووبێت.

ئەو کتێبخانەیە سەردەمێک چەند هەزار نووسراوی وێنەیی پاپیرۆسی لێ کۆکرابووەوە کە بەداخەوە سووتان و بەم جۆرە ڕێگای لە ئێمە گرت کە بەسەرچاوەیەکی بێ هاوتای زانستیی ڕابوردوو بزانین. ئەسکەندەریە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرزی و نزمیدا بوو. لە پەنای یۆنانییەکاندا، میسرییەکان و جولەکەکان و خەڵکیتریش دەژیان. هەروەها بەهۆی چرای دەریایی بەبەرزایی نزیکەی سەد و سی مەتر کە لە کەناری دەریادا بۆی دانرابوو، ناووبانگی دەرکردبوو. بەدرێژایی شەو گڕ لە چراکانیدا هەبوو تا کەشتییەکان ڕێنوێنی لێ وەرگرن. چرای دەریایی ئەسکەندەریە وەک باخچە هەڵواسراوەکەی بابل یەکێک بوو لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیای کۆن، میسری بەتلیمۆسەکان لە ساڵی **٢٣٠** پ.زدا



بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشت و نزیکەی چوار ملیۆن دانیشتووی هەبوو و بەبەهێزترین و سەرکەوتووترین نەتەوەی جیهانی ڕۆژئاوا دەژمێررا، بەڵام لە ساڵی **٢٢١** پ.زدا کە بەتلیمۆسی سێیەم کۆچی دوایی کرد، وڵات بەهۆی فەرمانڕەوا لێ نەهاتووەکانیەوە، بەرەو نەمان هەنگاوی نا. میسر کە سەربەخۆیی سیاسی خۆی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ ڕۆم دەپاراست، ساڵی **٣٠** پ.ز کەوتە ژێردەستی ڕۆم. یۆنانیش کە بۆ ماوەی سەدە و نیوێک ئاڵاهەڵگری بیری پێشکەوتن خوازیی بوو و بۆ ماوەی سەدەیەک فەرهەنگەکەی باڵی بەسەر جیهانی پێشکەوتوودا کێشا و وەک هەرێمێکی ڕۆمی لێ هات. یۆنان لە دڵی ڕابوردووی پڕ لە شانازیی مێژووی مرۆڤایەتیدا، درێژەی بەژیان دەدا و لە کاتێکدا خۆر لە ڕۆم هەڵدەهات، یۆنان وەک میسر و شارستانە گەورەکانی ڕابوردوودا بەرەو تاریکی پاشەکشەیان دەکرد.

**لە ژێر حوکمی ڕۆمدا:** ئەگەر لە نێوان ئەو دوو فەرهەنگەدا، فەرهەنگی یۆنان نوێتر و ڕۆشنبیرانەتر بوو، لە بەرامبەردا ڕۆمییەکان لە زەمینەی ئەزموونی سیاسیدا پوختەتر و بەئەزموونتر بوون. لە دەوڵەتی پاشایەتییەوە بەرەو کۆماریی گەشەیان کرد و لە دوای گومانێکی زۆرەوە لە ئیمپراتۆرییەوە ڕژێمی سیاسی شیاوی ژیانیان پێک هێنا. بەڵام ڕۆمییەکان سەرئەنجام بەهۆی گرفتی کۆنیان لەنێوان شارستانییەت و هۆزە یاخییەکاندا ناکام مانەوە و ڕووخانی ڕۆم تا ئەمڕۆش بەزیانێکی قورس بۆ جیهان دەژمێررێت.

**دامەزرانی ڕۆم:** دەڵێن ڕۆم ساڵی **٧٥٣** پ.ز دروست کراوە و بۆ ماوەی چەند سەدە لە لایەن پاشاکانەوە بەڕێوەچووە و لەژێر کارتێکەریی فەرهەنگی (ئوتروسک)ەکاندا بووە. ئوتروسکەکان لە ناوچەکانی باکور ژیاون و ساڵی **٥٣٥** پ.ز بەهاوکاری قەرتاجەکان هێزی دەریایی یۆنانییان لە شەڕی (ئالالیا) لە ئاوەکانی دەوروبەری (کرۆس) شکاند و ئەم شەڕە یەکەم شەڕی دەریایی بوو، کۆتایی بەدەستدرێژییەکانی یۆنان لە دەریای سپی ناوەڕاستدا هێنا. بەدوای ئەوەدا، شارستانییەتی ئوتروسک لەبەر پەلاماری هۆزەکانی (سلت- گلوا)وە کە لە باکوری چیاکانی ئالپەوە هێرشیان بۆ دەکرد، خۆی ڕانەگرت و لە ناوچوو. ڕۆم ساڵی **٥٠٩** پ.ز لەو هەلە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەژێر ستەمی ئوتروسک و ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی کەڵکی وەرگرت.

**ڕۆمییەکان ڕژێمی پاشایەتی وتروسک دەڕوخێنن:** ڕۆم ڕژێمی کۆماریی هەبوو. سەرەتا لە لایەن بەگزادەکان و دوو کۆنسوڵەوە، کە ساڵانە هەڵدەبژێران، بەڕێوە دەچوو. ڕۆمییەکان ڕایان وابوو کە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو کەسدا باشتر لەوەیە کە یەکێک دەسەڵاتی تەواوی بدرێتێ. ئەرکی کۆنسوڵەکان سەرۆکایەتی کردنی سوپا بوو، لە کاتێکدا دەزگاکانی حکومەت لە دەست سەنا واتە کۆڕی پیراندا بوو کە لە بەگزادەکانی (پاتریسین) پێک هاتبوو. خەڵکی ئاسایی پلیپ دژی بەگزادەکان بوون و بەربەرەکانیی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا هەر ئەو گرنگایەتییەی هەبوو، کە لە یۆنانی پێشوودا بەرچاو دەکەوت. ڕۆمییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەم گرفتە پەنایان بۆ ڕێگای سیاسی برد. لە هەلومەرجێکی ئاوادا،

شارەکانی یۆنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، تووشی شەڕی ناوخۆیی بوون و دۆخەکەیان بەرەو سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەت پاڵ پێوەدەنا. ڕۆمییەکان هێندێک چاکسازییان پێک هێنا و پلیپەکانیان بەشدارکرد لە ئیدارەکردنی وڵاتدا و بەم جۆرە پێشیان بەڕاپەڕینیان گرت، چونکە ڕۆمییەکان خوازیاری بەڕێوەچوونی یاسا بوون، ساڵی ٤٥٠ پ.ز بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ یاسایەکی نوێیان نووسی، کە یارمەتی زۆری کۆمەڵگای دا و وەک ڕێنوێنێک لە سەردەمەکانی دواییشدا کەڵکی لێ وەرگیرا.

هەروەها ڕۆم ڕێبەرایەتی کۆمەڵێکی یەکگرتووی (لاتین)یشی لە ئەستۆ گرت کە شارەکانی باشووری ڕووباری (تیبەر)ی لە دەوری یەکتر کۆدەکردەوە، تا کارتێکەریی گرووپی پێکهاتووی ئوروسکەکانی باکور پووچەڵ بکاتەوە. لەو ناوەدا گۆلەکان لە دڵی ئیتالیادا درێژەیان بەپەلاماردانەکانیان دەدا و تەنانەت لە ساڵی ٣٩٠ پ.زدا بۆ ماوەیەک ڕۆمیان داگیر کرد. داگیرکردنی ڕۆم لەمپەری خستە سەر ڕێگای گەشەکردنی و شوێنەوارێکی قووڵ و خراپی لەسەر ورەی دانیشتووان دانا، بەجۆرێک کە چل ساڵی خایاند تا ڕۆم توانی بەسەر شوێنەوارە خراپەکانیدا زاڵ بێ.

یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ڕۆم دەگەڕایەوە بۆ هێزی کارامەی سوپاکەی لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی گرووپی چۆماخدار و کەڵک لێ وەرگرتنیان لە شوێنە ئاستەم و ناهەموارەکاندا بۆ بەرگریکردن و زەبرلێدان لە دوژمن. ڕۆم بەیارمەتی سوپا و دەزگاکانی حکومەتیی کە ڕێگایان پێ درابوو لە کاتی پێویستدا بڕیار بدەن، لە بەرامبەر شارەکانی ئیتالیای ناوەندیدا گەلێک سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا. ساڵی ٢٩٠ پ.ز ڕۆم هەموو بەشەکانی ناوەندیی نیوەدوورگەی خستە دەست خۆی.

هونەری سیاسی ڕۆم لەزەمینەی بەڕێوەبردنی کاروباری دوژمنە شکاوەکانیشیدا ڕوون بوو. ڕۆم بەشێوەی ئاسایی ڕێگای بەدوژمنە شکاوەکانی دەدا کە ڕێبەری خۆیان هەبێت و داب و نەریتی خۆیان بەڕێوەبەرن و دەیزانی چۆن بە دابینکردنی بەشێک لە داواکانیان پێش بەڕاپەڕینی دوژمنانی بگرێ.

بەگشتیی شارەکان دەیانزانی کە لەژێر ڕێبەرایەتی ڕۆمدا باشتر دەتوانن بژین تا بەشێوەی سەربەخۆ. یەکێک لە دەستکەوتە مەزنەکەیان بەدیهاتنی ئاشتی لە لایەن ڕۆمییەکانەوە بوو، لە کاتێکدا ئازادیی بەگشتیی بۆ شارەکانی‌تر زۆرجار درێژەدان بەشەڕ و پێکدادان بوو. هەرکە ڕۆم پەنجەی بۆ ئیتالیای ناوەندیی درێژ کرد، شارەکانی یۆنانی باشوور خۆیان لە بەرامبەر هەڕەشەی ڕۆمییەکاندا بینیەوە. ئەو وڵاتانەی کە پێشتر ببوون بەیۆنانی و یۆنانییەکانی ئیتالیا و نزیکترینیان (ئپیر) کە بەدروستی لە ڕووبەڕووی چەکمەی ئیتالیا هەڵکەوتبوو، داوای یارمەتییان کرد. وڵاتی ئپیر لە لایەن سەردارێکەوە بەناوی (پیرۆس) (٣١٩-٢٧٢پ.ز) سەرۆکایەتی دەکرا. پیرۆس ساڵی ٢٨٠ پ.ز لە ئیتالیای باشوور لەگەڵ چۆماخدارەکانی ماکەدۆنیا چەند فیلی جەنگییان هێنا، بەڵام ڕۆمییەکان توانییان لە بەرامبەریاندا ڕاوەستن و پیرۆس بەچۆکدابێنن.

**ڕۆم قەرتاج وێران دەکات:** دوای ئەوە، شەڕی (پونیک) هەڵگیرسا، کە ڕۆمییەکان دژی قەرتاجەکان و بەتایبەتی دژی (هاینبال)ەکان شەڕیان کرد. دوای وەلانانی قەرتاج، ڕۆمییەکان بەرەبەرە دەسەڵاتی



وڵاتانی یۆنانیی بوویان خستە دەست خۆیان و سەرئەنجام ڕۆم بەجۆرێک زەق بووەوە کە دوژمنەکانی بەچاکیان زانی بەبێ خۆ لە شەڕ گلاندن، دەسەڵاتداریەتی ڕۆم قبووڵ بکەن.

بۆ نموونە، (ئاتال)ی سێیەم، فەرمانڕەوای وڵاتی یۆنانیی بووی (پرگام) کە ساڵی ١٣٣ی پ.ز بەبێ جێنشین مرد، بەچاکی زانی کە تاج و تەختی خۆی بەڕۆم بسپێرێ. دەیزانی کە سەرئەنجام ڕۆمییەکان وڵاتەکەی لە دەست دەردێنن. لەبەر ئەوە بەئاواتەوە بوو کە ئەم کارە بەبێ خوێنڕێژیی بەئەنجام بگات.

**ڕۆم یەکەم دەسەڵاتداری دەریای سپی ناوەڕاست:** ساڵی ١٣٠ پ.ز ڕۆم تەنیا دەسەڵاتداری زاڵ بەسەر هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاستدا بوو. دەربارەی سەرکەوتنەکانی کۆماری ڕۆم ئاماژە بۆ گەلێک هۆکار کرا و لەوەدەچێ کە ئەم پێشکەوتنەی چەند هۆکاری دیکەشی هەبێت. هەروەک پێشتر بینیمان، نوێ هێنەرانی سەربازی و ستراتیژی گەشە بەکۆمەڵگا دەدەن، بەڵام ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر ڕایبگرن. لەبەر ئەوە، ئەگەر مەسەلە کەم بایەخدان بەسوپای ڕۆم نەبێ، سەرکەوتنی درێژخایەنی ڕۆم قەرزداری هێندێک دیاردەی تریشە. سەرەتا پێویستە ڕۆڵی هێڵی پەیوەندییەکان لەبەرچاو بگیرێت. ڕۆم گەلێک جادەی ڕێک و بەرین و تەواو فەرشکراوی بەبەردی هەبوو، کە هێزەکانی دەیانتوانی بەپەلە بەو جادانەدا خۆیان بەشوێنە پێویستەکان بگەیەنن. هەروەها جادەکان یارمەتی کاری بازرگانی، هاتوچۆی تایبەتی و پەیوەندیاندا. تێگەیشتوویی ڕۆمییەکانیش لە یاسا و کاری دادوەریدا گرنگ بوو. زۆر بەوردی یاسایان نووسی و ئەمەش بەتایبەتی لە لایەن ڕۆمی و نا ڕۆمییەکانەوە لەبەر چاو دەگیرا.

هەڵسوکەوتی دادگاکانی ڕۆم بۆ پێڕاگەیشتن بەهەڵەکارییەکان بەگوێرەی یاسای ڕۆمی بوو، کە ڕۆشنایی دەبەخشی بەدادوەری ئەوروپا و هەموو وڵاتانی جیهان. گرنگیی پێدان بەیاسا، چونکە زامنی ژیانی خەڵک بوو، پارێزگاری لە بەرژەوەندی زۆربە دەکرد، ئارامیی ڕۆمی دەستەبەر دەکرد، بەڵام کەسانی بێ بەشیش هەبوون و شەڕەکان ژمارەیەکی زۆر کۆیلەیان لە ڕۆمدا کۆ کردبووەوە. کۆیلەکان بەکێڵانی زەوی ساماندارە مەزنەکان دەرەتانی زۆریان بۆ ڕەخساند بوون و ئەمەش جیاوازیی نێوان سەرمایەدار و جوتیارە هەژارەکانی قووڵتر کردبوو. ساڵی ١٣٥ پ.ز چونکە سیسیل پتر توند و تیژی دەنواند لەگەڵ کۆیلەکان، بۆ یەکەم جار کۆیلەکان ڕاپەڕین، هەرچەندە ڕۆم توانی ڕاپەڕینەکەیان تێک بشکێنێ، بەڵام زیانێکی مەزنیان بەچینی دارا گەیاند. دوای ئەمە کۆیلەکان چیتر ڕانەپەڕین. یەکێک لە هۆیەکانی دەگەڕایەوە بۆ گۆڕانی هەڵوێست و کردەوەی ڕۆمییەکان. تێگەیشتن کە بەقازانجیانە نەرمتر لەگەڵ کۆیلەکان بجوڵێنەوە. لە لایەکی‌ترەوە بەتەواوی هەست بەکەمی دوژمن و شەڕ بۆ گرتنی دیل و کۆیلە دەکرا. هەروەها ئیمپراتۆریی ڕۆم لە کێشەی کۆمەڵایەتی بێبەری نەبوو. بەشێک لە سیاسییە ئازادیخوازەکان هەوڵی چاکسازیی کۆمەڵایەتییان دەدا بەڕێگای کەم کردنەوەی زەوی خاوەن موڵکەکانەوە تا زەویدارە بچووکەکان لە برسیەتی ڕزگار بکەن. خەباتگێڕە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە: (گراک)ەکان، کە دوو برا بوون بەناوەی (تیبریۆس سیمپرۆنیۆس گراشۆن) (١٦٣-١٣٣ پ.ز) و (کایۆس سیمپرۆنیۆس گراشۆن) (١٥٣-١٢١ پ.ز)، کە لە لایەن لایەنگرانی دژ بەچاکسازییەوە

کوژران. ئەم ڕووداوە پێشی بەدەستدرێژییەکانی ڕۆم بەتایبەتی بۆ سەر ئەفریقای باکوری نەگرت، بەڵام لە ساڵی ١١٣ پ.زدا لە لایەن هۆزەکانی بەشی باکورەوە، کە لە وڵاتی گۆل تێپەڕیبوون زۆر بەجیدی هەڕەشەی لێکرا. ڕۆمییەکان هەرگیز تاڵانکارییەکانی گۆلیان لەبیرنەکردبوو، لەبەر ئەوە دەستیان بۆ (کایۆس ماریۆس) (١٥٧-٨٦پ.ز) درێژ کرد، کە بەشێکی زۆر و پان و بەرینی ئەفریقای خستبووە دەست خۆی. ماریۆس سوپایەکی لە هەژار و بێ بەشان پێک هێنا و لە درێژەی دوو شەڕدا، پەلاماردەرانی تێ کشکاند. ڕۆم ڕزگاری ببوو، بەڵام ماریۆس دابێکی مەترسی هێنەری دارِشت کە ساڵانێک قورسایی خستە سەر ڕۆم. لەڕاستیدا ئەو سوپایەی بۆ ئەوە دامەزراندبوو کە لە خزمەت خۆیدا بێت نەک لە خزمەت ڕۆمدا.

فەرمانڕەواکانی دیکەش لاسایی ئەویان کردەوە و ئەوەش بۆ ماوەی نیو سەدە شەڕی ناوخۆیی بەدواوە بوو کە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. لە کاتێکدا ماریۆس لایەنگریی لە ماف و بەرژەوەندی هەژاران دەکرد، (لوسدۆس کرنلیۆس سیلا) (١٣٨-٧٨ پ.ز) لایەنگری سەرمایەداران بوو. لە ساڵی ٨٢ پ.زدا، سیلا سەرکەوت و سەرلەنوێ کۆڕی سەنای دامەزراندەوە، بەڵام بەدوای مەرگیدا، ڕێبەرانی نوێ سەرلەنوێ شەڕی ناوخۆییان هەڵگیرساندەوە و لە نێوانیاندا، (کاریۆس جۆلیۆس) یا (جۆلیوس سیزار)(١٠٠-٤٤ پ.ز)، پتر لێوەشاوەیی پێشان دا. لە ساڵانی کۆتایی سەدەی زایینیدا، ڕۆم هێزی چاوەڕوان نەکراوی خۆی سەلماند. چونکە ئەوە شەڕەکانی ناوخۆیی نەبوون کە پێشیان بەپاوانخوازییەکانی دەگرت، بەڵکو هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ ڕاپەڕینی کۆیلەکان و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی.

وڵاتانی (پۆن) و ئەرمەنستان بەکەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجە، ئازادی خۆیان بەدەست هێنایەوە. پۆن ساڵی ٨٨ی پ.ز هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ڕۆمییەکان و لە ئاسیای بچووک دەرکرد، بەڵام ڕۆمییەکان بەکۆکردنەوەی هێز بەسەرۆکایەتی (پمپەی) گەڕانەوە جێی خۆیان و ئەرمەنستانیان کردە هەرێمێک لە دەست خۆیاندا.

دوای ئەوە، سووریا و (ژودە)یان داگیر کرد. سەرئەنجام پمپەی بەکۆمەڵێک دەستکەوتەوە لەگەڵ سیزار کە دەسەڵاتدارێکی فێڵ بازی زۆر بەهێز و وتەبێژێکی بەتوانا بوو و هەروەها لەگەڵ (کراسۆس) پیاوی هەرە دەوڵەمەندی ڕۆم یەکی گرت. ئەمە یەکەم (تریبیۆم ویرا) (بە زمانی لاتین- گروپی سێ پیاو) و یەکەم هەڵوێستی سیاسی ڕۆمییەکان بوو کە بۆ جارێکی تریش ئاشتی گەڕاندەوە ڕۆم. هەریەکێک لەو سێ کەسانە هەرێمێکیان بۆ خۆیان دەستنیشان کرد. سیزار (گۆلی سەر بەڕۆم واتە ئیتالیای باکور و باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسە)، کراسۆس سووریا و پمپەیی ئیسپانیای هەڵبژارد، بەڵام پمپەی لە ناو ئیتالیاوە بەڕێوەبەرایەتی ئیسپانیای لە ئەستۆ گرت تا هەرچی زیاتر لە دەسەڵاتی ناوەندی نزیک بێت. هێرشەکانی کراسۆس ناکام مایەوە. هێرشی کردە سەر پارتەکان، بەڵام لە شەڕی (کرخە) لە ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریی پارتدا شکستی خوارد و کوژرا.

سیزار کە پێشتر بەشداری شەڕی نەکردبوو، لە تەمەنی چل و دووساڵیدا لێوەشاوەیی سەربازیی خۆی پێشاندا و لەدوای حەوت ساڵ شەڕ و پێکداداندا، هەموو گۆلی داگیرکرد و خستیە سەر وڵاتی ڕۆم و لە



ساڵی ٥٤ پ.زدا لە کەنارەکانی (برتانی) (بریتانیای مەزنی ئەمڕۆ) دابەزی. سیزار وەک ئەسکەندەری مەزن هەرگیز لە شەڕدا نەشکا. پمپەی کە بەخیلایەتی بەسەرکەوتنەکانی سیزار دەبرد، دژی ئەو لەگەڵ سەنا و توندڕەوەکان یەکی گرت. کاتێک سیزار لە ساڵی ٤٩ پ.زدا خەریکی گەڕانەوە بوو بۆ ڕۆم، پێیان ڕاگەیاند کە بەتەنیا و بەبێ لەشکرەکەی بگەڕێتەوە. سیزار لە جیاتی ئەوەی کە بەبێ چەک خۆی لە بەرامبەر دوژمندا ببینێت، ڕێگای شەڕی هەڵبژارد و لەشکرەکەی بە(ڕۆبیکۆن)دا، سنووری نێوان گۆل و ئیتالیادا لەگەڵ خۆی برد. لەوکاتەوە (تێپەڕین لە ڕۆبیکۆن) بەواتەی خراپکردنی پردی پشتەوە، ناکۆکە لەگەڵ پاشەکشەکردندا.

پمپەی توانای ئەوەی نەبوو کە لە بەرامبەر سیزار و لەشکرە پڕچەکەکەیدا ڕاوەستێت و بەچاکی زانی کە گیانی خۆی بپارێزێت. لەبەر ئەوە، ڕایکردە یۆنان و بەدوای ئەویشدا زۆربەی سەناتۆرەکان و ژمارەیەک لە توندڕەوەکان ڕایان کرد و چوونە یۆنان. سیزار ساڵی ٤٨ی پ.ز بەشوێن پمپەیدا چوو و لە (فارسال) لە سنووری باشوور بەرەنگاری بوو. پمپەی ڕایکردە میسر و چونکە میسر لەژێر دەستی ڕۆمدا نەبوو، هیوادار بووە لەوێ خۆی بپارێزێت، بەڵام میسرییەکان کە لە هێز و دەسەڵاتی سیزار بەئاگابوون، نەیانویست ببنە هۆی توڕەبوونی و هەرکە پمپەی پێی گەیشتە میسر، کوشتیان. سیزار چووە میسر و لەوێ لەگەڵ شابانووی لاو و ڕەزا شیرین (کلیۆپاترا) (٦٩پ.ز- ٣٠پ.ز) ئاشنا بوو. سێ مانگ لای شابانو مایەوە و لەوێوە چووە ئاسیای بچووک تا بۆ هەمیشە داگیری بکات، کە زۆر بەئاسانی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سیزار لە سێ وشەدا ئاماژە بۆ گرتنی ئاسیای بچووک دەکات و دەڵێت: هاتم، دیتم، داگیرم کرد. بەم جۆرە سیزار لە ساڵی ٤٤ پ.زدا لە پلەی تەنیا حاکمێکدا گەڕایەوە ڕۆم. لەوێ کۆمەڵێک چاکسازیی بەئەنجام گەیاند. ژمارەی سەناتۆرەکانی زیاد کرد و سەرلەنوێ زەوی دابەش کردەوە و هەلومەرجی بۆ بەهاووڵاتی بوونی ڕۆم خۆش کرد و ڕۆژژمێرێکی بۆ ڕۆم ئامادە کرد کە لەگەڵ ڕۆژژمێری میسر جیاوازیی هەبوو و بەگشتیی بەهێندێک جیاوازییەوە، هەر ئەم ڕۆژژمێرەیە کە ئەمڕۆ ئێمە کەڵکی لێوەردەگرین.

**کوژرانی جۆلیوس سیزار:** ژمارەیەک لە توندڕەوەکان، کە لە ڕابوردوودا (کراکۆس)یان کوشتبوو، سەرەڕای ئاگاداربوونیان لە هێز و دەسەڵاتی سیزار، لە بەرامبەریدا پاشەکشەیان نەکرد. بەگوێرەی مێژوو، ڕۆژی پانزدەی مارسی ٤٤ پ.ز (پانزدەی مارس بەپێی ڕۆژژمێری ڕۆم)، کاتێک سیزار خەریکی چوون بۆ سەنا بوو، پێشبینی کەرێک لێی نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێت: لە ڕۆژی پانزدەی مارسدا ئاگات لە خۆت بێ. ئەگەر ئەو پێشبینییە جێگەی باوەڕ نەبێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە سیزار لەو ڕۆژەدا لە لایەن گرووپێکی پیلان گێڕەوە بەسەرۆکایەتی (مارکۆس جۆنیۆس برۆتۆس) لە ساڵی ٤٤ پ.زدا کوژرا. پیلان گێڕان پێشبینی ڕووداوەکانی دواییان نەکردبوو.

خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەری سیزار لەلای خەڵکەوە، دۆڕانی پیلان گێڕانی بەدواوە بوو. لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی سیزاردا یەکێک لە جێگرەکانی بەناوی (مارک ئانتوان) بەشدارانی دژی برۆتۆس و هاوکارەکانی هاندا و پیلان گێڕەکانی ناچار کرد، کە بۆ ڕزگارکردنی گیانیان لە ڕۆم ڕابکەن. دوای

ڕاکردنیان، یەکێک لە برازاکانی سیزار بەناوی (کایۆس ئوکتاویانۆس یا ئوکتاو) (٦٣-١٤پ.ز) کە تەنیا ١٩ ساڵ تەمەنی بوو، هاتە ڕۆم و لەگەڵ مارک ئانتوان و ژنەراڵ (مارکۆس ئەملیۆس لپیدۆس یا لیپید) یەکی گرت، بۆ ئەوەی دووهەم گرووپێکی سێ کەسی پێک بێنن. هەرکە گرووپەکەیان پێک هێنا، بەشوێن پیلان گێڕەکاندا چوونە یۆنان و لە شەڕی فیلیپ لە ماکەدۆنیەی ڕۆژهەڵات شکاندیانن و برۆتۆس و کامیۆس خۆیان کوشت. گرووپی سێ کەسیی، دوای ئەمە ئیمپراتۆرییان دابەشکرد. ئوکتاو ڕۆژئاوای دەستکەوت و ڕۆمیشی بەدەست هێنا، کە ناوەندی بڕیاردان بوو. ئانتوان بوو بەخاوەنی ڕۆژهەڵات و سەرچاوە ئاوەدان کراوەکانی ئیمپراتۆریی و لیپید کە لەوان دەسەڵاتی کەمتر بوو، بەئەفریقا ڕازی بوو. لیپید تا سیسیل دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کردەوە، بەڵام ئوکتاو بەدیلی گرت و تا ئەفریقا چووە پێشەوە و بەم جۆرە بوو بەتەنیا حاکمی ڕۆژئاوا. ئیتر نۆرەی ئانتوان بوو کە کلیۆپاترا ببینێ و بەچەشنی سیزار عاشقی بێت. ئانتوان بەدوای شکانی لە لایەن پارتەکانەوە لە ساڵی ٣٦ پ.زدا، خۆی لە شەڕ و سیاسەت کێشایەوە و لە ئەسکەندەریە نیشتەجێ بوو، بەو هیوایە کە لەلای شابانووی میسردا ژیانێکی خۆش بەرێتەسەر، بەڵام ئوکتاو ڕای گشتیی خەڵــــکی دژی ئانتوان بەرزکردەوە و بەکۆیلــەی ژێردەستی فەرمانڕەوایانی بێگانە ناساندی کە دەیەوێت نیوەی ئیمپراتۆریی ڕۆمیان بداتێ. هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئوکتاو و ئانتواندا جێی گومان نەبوو. ڕۆژی دووی سێپتەمبەری ساڵی ٣١ پ.ز لە (ئاکتیوم) لە کەناری ڕۆژئاوای دەریای یۆنان، لە نێوانیاندا شەڕ هەڵگیرسا، کە بەگەورەترین شەڕی دەریایی سەردەمەکانی کۆن دەناسرا. هێزی دەریایی ئوکتاو بەسەرۆکایەتی سەردارێکی لێهاتوو بەناوی (ئاگریپا) سەرکەوت و ئانتوان و کلیۆپاترا ڕایان کردە میسر و چونکە ئوکتاو بەشوێنیانەوە بوو، ئەوان کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێنا. بەم جۆرە شەڕی ناوخۆیی ئاکامێکی خەم هێنەری بەدواوە بوو و لە ڕەوتی خۆیدا کۆتایی بەحوکمی کۆماریش هێنا. دوای ئەو شەڕە، ئوکتاو بوو بەخاوەنی ڕۆم و میسری لە دەست یۆنانییەکان دەرهێنا و کۆتایی بەژیانی دوا ڕژێمی پاشایەتی یۆنان هێنا.

**ئەوگوست (ئوکتاو) ئیمپراتۆری ڕۆم:** ئوکتاو بەبێ ئەوەی کە شێوەی کۆمار بگۆڕێت، بەجۆرێک ناوەرۆکەکەی گۆڕی و خۆی بوو بەخاوەن و کۆنترۆڵکەری هەموو بەرپرسایەتییە گرنگەکان. ڕۆژی سێی یانواری ساڵی ٢٧ پ.ز ئوکتاو ناوی ئەوگوستی کە تا ئەوکاتە تایبەت بوو بەخوداکانەوە لەسەر خۆی دانا و هەروەها وەک ئیمپراتۆر واتە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانیش مایەوە.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زاییندا، شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەرەجەبەندی کرا و شارەکانی ڕۆژئاوای فورات لە ژێردەستی ڕۆمدا لە ئاشتیدا دەژیان. ئیمپراتۆریی ڕۆم بێگومان ئارامترین ئیمپراتۆری لە ڕۆژئاوادا بوو و ژمارەی دانیشتووانی دەگەیشتە نزیک چل میلیۆن، واتە دوو هێندەی ژمارەی کۆلۆنییەکانی ئەسکەندەری مەزن. لەوە دەچوو کە هەموو شتێک بەسەرۆکایەتی دەوڵەتی ئەوگوست بەباشیی بەڕێوەدەچێ، بەڵام ڕۆمییەکان زوو تێگەیشتن کە چاوپۆشین لە ڕژێمی کۆماریی، هەر بەو ڕادەیەی کە قازانجی پێگەیاندن، هەرئەوەندەش زیانی بۆیان هەبووە. نیوەی هەزارەی یەکەمی زایینی کۆتایی پێ نەهاتبوو، کە ئیمپراتۆریی ڕۆم لەناو چوو.



**هیند دەبێتە ناوەندێکی لاهوتیی (مەعنەوی):** هیند کە لە بەرامبەر ئەسکەندەری مەزندا خۆی زەق کردبووەوە، ڕۆڵی خۆی بەشێوازی لانکی ئایینە جیاوازەکان دەبردە پێشەوە. هیند نموونەیەکی دەگمەن و تەنیا بوو لە بایەخە لاهوتییە ڕێکوپێک کراوەکانی سیستمی چینایەتی (کاست)دا کە لەو کاتەدا شکڵی دەگرت و بیری هیندییەکانی بڵاو دەکردەوە.

دانیشتووانی هیند لە چەند چینی جیاواز، بەگوێرەی بنەچە، ژنهێنان و کار دابەش ببوو. بەڕای هیندییەکان ئەگەر کەسێک لە چینێک لە دایک دەبوو، هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەر تاقیکردنەوەی شێوەیەک لە ژیان و پێشکەوتنی لاهوتیی. ئەم سیستمە بەکردەوە جێگای هەمیشەیی و نەگۆڕی بۆ تاک دیاری دەکرد و زامنی ئارامی و بەرگری کردن لە گەشەکردنی بوو. دەرەتانی ئاڵوگۆڕی چینایەتی لە هینددا نەبوو و کۆمەڵ ناچار دەکرا بەبەردەوامیی بەرەو دواوە بکشێتەوە و هەر ئەمەش تا ئێستا پێشی بەگەشەکردنی هیندستان گرتووە. بەهەرحاڵ هیند تەنیا پسپۆری ئایینی پێشکەش بەکۆمەڵگای جیهانی نەکردووە، بەڵکو لە ساڵی ٨٠٠ پ.زدا بیرکاری هیندی یەکەم کەسایەتی بوو کە هێمایەکی بۆ ژمارەی سفری دۆزییەوە و خستیە ناو زانستی بیرکارییەوە. ئەمە گەشەکردنێکی سەرسوڕهێنەر بوو لە زەمینەی پێگەیشتندا.

بەم جۆرە دەرەتانی ئەوە پەیدابوو کە مرۆڤ بتوانێت ژمارەی ٢٣ و ٢٠٣ و ٢٣٠ی بەئاسانیی لە یەکتر جیابکاتەوە. ئیتر هیچ کەس پێویستی بەدانانی نیشانەی جۆراوجۆر بۆ دەیەکان و سەدەکان نەبوو. بایەخی ژمارەکان بەدوای ئەوەدا، لە ناسینی جێگاکاندا بوو و ئەمەش ژمارەدانانی بەبەرفراوانیی ئاسان کرد، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە ژمارەی سفر بەپەلە پەرەی نەسەند، چونکە حساباتی ڕابوردوو کە بەیارمەتی لە سیستمە دژوارەکان ئەنجامیان دەگرت، هێشتا بەکار دەهێنران.

**لە دایکبوونی تاگۆتاما (بودا):** لە نیوەی یەکەمی دوا هەزارەی پ.زدا، ژمارەیەک ئایینی جیاواز لە وڵاتی پان و بەرینی هینددا لە دایک بوون، بەڵام هیچ کامیان گرنگایەتی بودیزم (ئاینی بودا)یان نەبوو. بودیزم لە لایەن (سیدهار تاگۆتاما) (٥٦٣ پ.ز- ٤٨٣پ.ز) ناسراو بەبودا، بەواتەی (بەخۆهاتنەوە- هۆشیار بوونەوە)، لە باکوری هیند دامەزرا، بەڵام لە چوارچێوەی سرواتی خوداییدا (وەحی الهی) جێی نەگرت. بودیزم هەوڵی پاکیی و گەڕانی دەدا بەشوێن ڕاستییەکانی ژیاندا، کە تا ئەوکاتەی دەرون توانــــای لەناوبردنی دەرد و ئازار پەیدا نەکات، لەناوبردنی (ڕەوتی دەروون بەڕێبازی جۆراوجۆر و لە سەردەمەکانی بەردەوامدا) بەدی نایەت. بودیزم لە هەموو ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا پەرەی سەند، بەڵام لەناو خۆی هیندستاندا بەگشتیی ون بوو. هیند بەهۆی بودیزمەوە قووڵترین دەسەڵاتی فەلسەفیی لە جیهاندا هێشتەوە.

**یەکێتی هیند:** ساڵی ٣٢٢ پ.ز (شاندرا گوپتا)، ڕێبەری هیند، یەکێتی هیندی پێک هێنا. لەژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەودا بوو کە بۆ یەکەم جار بەشە گرنگەکانی نیوە دوورگەی هیند یەکیان گرت.



شاندرا گوپتا، ساڵی ٣٠٥ پ.ز پاشەکشەی بەلەشکری سلوکوسی یەکەمی کرد. سلوکییەکان دەیانویست درێژە بەڕێگای ئەسکەندەر بدەن و کۆنترۆڵی هیندستان بکەن. بنەماڵەی شاندرا لە سەردەمی (ئاسۆکا)دا کە ساڵی ٢٦٥ پ.ز دەسەڵاتی بەدەست گرت، لەوپەڕی توانای خۆیدا بوو. ئەو فەرمانڕەوایە، هەموو هیندستانی جیا لە دواخاڵەکانی باکور خستە ژێردەست خۆی. توانای گرتنی ئەم ناوچەیەشی هەبوو، بەڵام شێوەی حوکم کردنی سلێمانی پێ باشتربوو لە شێوە حوکم کردنی سیزار و نەیویست لە دەستپێکی حکومەتەکەیدا خوێن بڕژێ و چاوی لە شەڕ پۆشی و خەریکی چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵکی خۆی بوو. لە سەردەمی ئەودا، ژمارەی دانیشتووانی هیند گەیشتە نزیکەی سی (٣٠) میلیۆن، واتە زۆر زیاتر لە ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی سەر بەیۆنانی ئەوکات. لێرەشدا سەرکەوتنی وڵات بەکەسایەتی پاشاوە بەسترابووەوە و مەرگی ئاسۆکا لە ٢٣٦ی پ.زدا ئیمپراتۆریی لەرزۆک کرد. لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زاییندا، هیندستان جارێکیتریش پارچە پارچە بوو، جگە لە بواری لاهوتییەتدا هیچ توانایەکی نەما.

**چین ڕێگای تایبەت بەخۆی دەگرێتەبەر:** تا نیوەی یەکەمی هەزارەی پ.ز چین وەک هەرێمێکی بچووکی دەرەبەگایەتی مابووەوە، بەڵام نزیکەی ساڵی ٦٠٠ پ.ز پێی نایە سەردەمی ئاسنەوە.

**سەرهەڵدانی تاوۆیزم لە چین:** یەکێک لە گەشەکردنە گرنگەکانی چین لەو سەردەمەدا، سەرهەڵدانی بۆچوونی ڕەوشتیی بوو، کە دامەزراندنەکەی دەگەڕێننەوە بۆ (لائۆتسە)، نزیکەی ساڵی ٥٦٥ی پ.زدا.



بۆچوونی لاوۆتسە کە بەتاوۆیزم ناسراوە، قبووڵ نەکردنی دیاردەی ڕواڵەتی، ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن و ڕێوڕەسمی ئایینی بوو، فەلسەفەی (تاوۆ) لەسەر ڕێبازی ژیانی دروست پێی دادەگرت. دەسەڵاتی تاوۆیزم بەگشتیی لە کارتێکەریی ئەو بوو لەسەر سیستمە ئایینیەکانیتر، کە پێکهاتەی ڕوونتریان هەیە. بۆ نمونە، تاوۆیزم ڕاگەیەنەری بەرەوپێش چوونی گرنگ لە بودیزمدا گومان کردنە.

نزیکەی ساڵی ٥٠٠پ.ز (کونگ-فۆ- تزو) یا کۆنفۆشیوس (٥٥١- ٤٧٩ پ. ز) پێشنیازی سیستمێکی کرد کە لەسەر بنەمای پێویستییەکانی بەرزی ڕەوشتیی ڕاوەستابێت کە ئەمە بەتەواویی جیاوازیی هەبوو لەگەڵ بیری تاوۆیزم. لایەنەکانی ڕەوشتیی کۆنفۆشیوس، بەشێوەی ڕەسمیی، تەواوی کۆمەڵگا و سیستمی دەوڵەتی چینی لە خۆیدا کۆکردەوە. ساڵی ٢٢١ پ.ز چین یەکی گرت و حکومەتی بنەماڵەی (کن)ی دامەزراند. یەکەم ئیمپراتۆری چین بەناوی (شی هۆانگدی) (٢٥٩-٢١٠ پ.ز) توانی بەسەر کۆمەڵگایەکی نزیک سی میلیۆن کەسیدا حوکم بکات. شی هۆانگدی دەیویست پاشماوەی درێژخایەنی سیستمی دەرەبەگایەتی لەناوببات و لە سفرەوە دەست پێ بکات. لەبەر ئەوە، فەرمانی دا، جگە لە کتێبە زانستییەکان و ئەو کتێبانەی کە لە دەست زانایانی ڕەسمیدا بوون، کتێبە کۆنەکان لەناوببەن. ئاواتی ئەو بۆ ئازادکردنی چین لە تەنگژە و گوشاری ڕابوردوودا جێگەی سوپاس و پێزانینە، بەڵام جۆری بەڕێوەبردنەکەی هەژاریی نەوەکانی داهاتووی لە ئاگاداربوون لەسەر نەوەکانی ڕابوردوو بەدواوە بوو. بۆ پێشگیری کردن لە هێرشی کۆچەران، شی هۆانگدی دیوارێکی مەزنی لە سەرەتای گۆڵ واتە لە سنوورەکانی باکوری وڵاتەوە کێشا کە ئەمڕۆ بەشوورەی مەزنی چین دەیناسین. ئەم شورەیە پتر بۆ ئەوە بوو کە ڕێگا بەئەسپی کۆچەران بگرێ تا سوارەکان. چونکە چینیەکان ڕایان وابوو، کە کۆچەرەکان بەبێ ئەسپ مەترسیی کەمتریان هەیە. دەسەڵاتداریەتی زنجیرەی (کن) کورت بوو و ساڵی ٢٠٢ پ.ز جێگەی خۆی دا بە(هان)ەکان و ئەوانیش توانییان یەکێتی چین بپارێزن. لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (وودی) لە بنەماڵەی هان لە ١١٠ ساڵ پ.زدا، چینیەکان بەشێک لە خاکی باشووری (یانگز)یان خستە دەست خۆیان، کە ئەمڕۆ نیوەی باشووری وڵاتی چینە. لە ١٠٨ پ.زدا چین توانی کۆریا داگیربکات و فەرهەنگی چین لە کۆریادا برەوی پەیداکرد و بەچەشنی فەرهەنگی یۆنانیەکان کە بەگشتیی هەموو دنیای ڕۆژئاوای لەخۆ گرت. چین بەبێ ئەوەی کە پەیوەندیی بەجیهانی ڕۆژئاواوە هەبێت، هەوڵی گەشەکردنی خۆی دا، تا ئەوەی کە دۆزەرەوەیەکی چینیی بەناوی (زانگ کیان) (کۆچی دوایی ٨٤ پ.ز) چوو بۆ وڵاتی (خوارەزم) لە ئەفگانستانی ئەمڕۆدا تا لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە دژی هۆنەکان یارمەتی وەرگرێ. ئەمە یەکەم پەیوەندیی ناسراوی چین بوو لەگەڵ ڕۆژئاوا، کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەدواوە بوو و تەماحی خستەبەر دانیشتووانی ڕۆژئاوا بۆ بەدەستهێنانی ئاوریشم و بەرهەمە جوانەکانی وڵاتی چین. بەم جۆرە لە سەرەتای دەستپێکردنی هەزارەی زاییندا، ئیمپراتۆریی چین بوونی خۆی سەلماند و لە بواری ڕووبەری خاک و زۆریی بەرهەمەوە کەمتر لە ئیمپراتۆریی ڕۆم نەبوو، بەڵام دانیشتووانی ئەم دوو وڵاتە، بەکردەوە شتێکیان دەربارەی یەکتر نەدەزانی.

**جیهان گەشە دەکات، سەد و حەفتا میلیۆن کەس لەسەر گۆی زەوی**: ژمارەی دانیشتووانی جیهان کە لە ساڵی ۱۰۰۰پ.زدا نزیکەی پەنجا میلیۆن کەس بوو، لە ساڵی یەکەمی زاییندا پتر لە سێ هێندە بوو واتە گەیشتە پتر لە سەدو حەفتا میلیۆن.

لەو ژمارەیە، چل میلیۆن لە ئیمپراتۆریی ڕۆمدا دەژیان، سی میلیۆن لە چین و سی میلیۆن لە هیندستان، پێنج میلیۆن لە وڵاتی پارت و شەست و پێنج میلیۆن کەسیش لە هەرێمە جیاوازەکانی تری جیهاندا. لە ماوەی چەند هەزارەدا مرۆڤایەتی توانی چەندان سیستمی نوێی سیاسی بدۆزێتەوە. لەو ناوەدا دەکرێ ئاماژە بۆ دیموکراسی، کۆماریی و ئیمپراتۆریی بکەین. لەوە دەچێ دیموکراسی تەنیا لە یۆناندا مایەوە. ڕۆمییەکان سیستمی کۆماریی خۆیان بۆ ڕژێمی ئیمپراتۆریی بەجێهێشت. لە سەرەتای هەزارەی زایینیدا، ئیمپراتۆریی جێی دەوڵەتی- شارەکانی گرتەوە و بەباشترین ڕێگاچارەی کۆمەڵگا ناوبانگی دەرکرد، بەڵام ئیمپراتۆریی داهاتوویەکی باوەڕپێکراوی نەبوو. سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریی بەکۆمەڵە دۆزینەوەیەکی وەک نووسین و جادە بەسترابووەوە و هەلی بۆ حاکمەکان دەڕەخساند کە وڵاتانی بەرینتر کۆنترۆڵ بکەن. شارستانییەت لە هەموو جێگایەک لە گەشەکردندا بوو، بەڵام جێگە گرنگەکان دوور لە یەکتر بوون. هێمنایەتی ڕێژەیی ناوچەکان، بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی بەدواوە بوو، کە ئەوەش بوو بەهۆی بەشوێنداچوونی نەدۆزراوەکان و ڕوانگە و بۆچوونی نوێدا، چونکە پێویست بوو مرۆڤ ڕێگای دۆزینەوەی خۆراک بۆ وەچەکانیان پەیدا بکەن. دانیشتووانی ئیمپراتۆرییە گەورەکانی ئەو سەردەمە دەبووایە بەبەردەوامیی ڕەخنە لە ئیمپراتۆرەکان بگرن و ئەمەش دەربارەی ڕۆمییەکان پتر بەرچاو دەکەوت، چونکە ناوی هەمیشەییان لەسەر شارەکەیان دانابوو، بەڵام گۆڕانکاریی مەزن لە دەستپێکی هەزارەی دواییدا بوونی خۆی ڕادەگەیاند.

## ٥- هەزارەی یەکەم بەو جۆرەی کە تێپەڕی

**لە ساڵی عیساوە تا ساڵی ۱۰۰۰ی دوای ئەو**: بەدرێژایی هەموو سەردەمەکانی ڕابوردوو، هیچ کەس سەرنجی بەدابەشکردنی زەمان لە چوارچێوەی هەزار ساڵدا نەدابوو. هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەبووایە چەند سەدە تێپەڕێ تا ژماردنی ساڵەکان لە سەرەتای لە دایکبوونی عیساوە دەست پێ بکات. هەروەها پێویست بوو هەزارەمین ساڵی لە دایکبوونی عیسا نزیک بێتەوە، تا مرۆڤ بیرلە ژماردنی هەزارەکان بکاتەوە. بەتایبەتی بەهۆی کتێبی پیرۆز، دۆزەر Apocalypse (وشەی یۆنانی بەواتەی دۆزەر یا ئیلهام) بوو، کە مرۆڤ هەزارەی یەکەمی زایینی بەگرنگ بگرێ. چونکە بەشێک لە کتێبی پیرۆز ئاماژە بۆ کۆتایی هاتنی تەمەنی جیهان لە هەزار ساڵ دوای زاییندا دەکات. ئێمە لێرە لە چۆنیەتی یەکەم هەزارە لە نێوان هەزارەکاندا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون، بەو شێوەیە دەدوێین کە مرۆڤی سەردەم هەستیان پێ کردووە. لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زایینیدا، بەشێکی گەورەی جیهان پەیڕەویان لە یاساکانی ڕۆم دەکرد و کاتێک ئەم هەزارەیە کۆتایی پێ هات. ڕۆم وەک پێشوو درێژەی بەڕۆڵی زەق و بەرچاوی خۆی



دەدا لە شێوازی ئیمپراتۆریدا کە بایەخە مەعنەوییەکانی پتر پاڵپشتی بوون تا هێزی مادی. لە هەموو جێگایەک گۆڕانی مەزن بەئەنجام دەگەیشت کە ڕاگەینەری دەستپێکی هەزارەی ئەمڕۆی ئێمە و سەردەمی نوێ بوو.

**ڕووخانی کۆماری ڕۆم**: کۆماری ڕۆم لە سەرەتای دامەزرانییەوە بەدەوڵەتێکی پاوان خواز ناسرا و چوونیشی بۆ سیستمی ئیمپراتۆریی بەئامانجی ئاسانکاریی و ڕێگاخۆشکردنی سەرلەنوێی پاوان خوازیی بوو. سەرەڕای زەبری وەستێنەری پارتەکان لە ڕۆم لە (کرخە)، شەڕ لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتدا درێژەی هەبوو. ئیمپراتۆری ڕۆم ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ژێردەستی خۆی دایە دەست دانیشتووانی ئەم ناوچانە. گرفتی سنوورەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم بریتی بوون: لە دەریا لوشی ئەتلەسیی لە ڕۆژئاوا، بیابان (بەشێک لە مەراکیشی ئەمڕۆ) لە باشوور، ئیمپراتۆری پارت لە ڕۆژهەڵات و ڕووبارەکانی ڕاین و دانوب لە باکور. ئیمپراتۆریی ڕۆم بەگشتیی لە سنووری باکوردا درێژەی بەخۆبەزلزانییەکانی دەدا و لەشکرەکانی لە ڕووباری ڕاینەوە تا ئالپ چوونە پێش و دەیانویست هۆزەکانی جەرمان بخەنە دەست خۆیان.

**شکانی ڕۆمییەکان لە توتوبۆرگ پێشڕەویی ئیمپراتۆریی ڕاگرت**: پلانی ڕۆمییەکان بۆ داگیرکردنی جەرمان سەرنەکەوت. لە ساڵی ۹ زدا سێ لەشکری ڕۆم لە شەڕی (توتوبۆرگ) کەوتنە بۆسەوە و لەناوچوون و پلانی ئەوگوست تێک چوو و هێزەکانی بۆ پشت ڕووباری ڕاین پاشەکشەیان کرد. ئیمپراتۆریی دوای ئەم شکستەی، سیاسەتی بەرگری کەرانەی سەربازیی گرتەبەر. بەو حاڵەش ڕۆم بەردەوام بوو لە داگیرکرنەکانیدا و لە هێندێک بواردا دەکرێ ئاماژە بۆ سەرکەوتنی زۆر مەزنی بکەین. لە ساڵی ٤٣ زدا سوپای ڕۆم بەسەرۆکایەتی (کلود) (٥٤-١٠ پ.ز)، ناوچەی باکوری دوورگەی (برتانی) داگیر کرد (ئەم دوورگەیە لە دواییدا بەبریتانیای مەزن ناسرا) و کردی بەهەرێمێکی سەر بەڕۆم. دوای پەنجا ساڵ، (تراژان) (١١٧- ٥٣ پ.ز) هێرشی بردە سەر (داسی) (ڕۆمانیای ئەمڕۆ) لە باکوری ڕووباری دانوب و داگیری کرد. لە نێوان ساڵانی ١١٧ و ١١٣ی پ.زدا تراژان، پارتەکانی شکاند و میسۆپۆتامیای خستە سەر ئیمپراتۆریەکەی. بەم جۆرە، سوپای ڕۆم دەستی گەیشتە کەنداوی فارس و ئەمەش ڕووبەری خاکی ئیمپراتۆری ڕۆمی بەوپەڕی مەزنایەتی خۆی گەیاند و ژمارەی دانیشتووانی لەو کاتەدا نزیکەی پەنجا میلیۆن کەس بوو. جێنشینی تراژان کە (ئادرین)ی (١٣٨-٧٦ پ.ز) ناو بوو، وڵاتی پارتەکانی بەجێهێشت و دیوارێکی لە بەشی هەرە باریکی دوورگەی برتانی دروست کرد. مەبەستی لە دروستکردنی ئەم دیوارە، ئەوە بوو کە پێشان بدات کۆتایی بەدەستدرێژییەکانی ئیمپراتۆریی لەو ناوچەیەدا هێناوە و هێرشی (پیکیت)ەکان بۆ سەر وڵاتەکەی پوچەڵ بکاتەوە، کە دانیشتووی وڵاتێک بوون ئەمڕۆ بە(سکۆتلاند) دەناسرێت. بەم جۆرە ئیمپراتۆریی ڕۆم بەوازهێنان لە پەلاماردانی وڵاتانی تر بۆ ماوەی دوو سەدە لە هەرێمی دەریای سپی ناوەڕاستدا ئاشتیی دەستەبەرکرد، بەجۆرێک کە شارستانییەتی ڕۆژئاوا تا ئەو کاتە هەرگیز ئاشتییەکی ئاوا درێژخایەنی بەخۆیەوە نەبینی بوو. ئەم ئاشتییە بەکۆمەڵێک دیاردەوە بەسترابووەوە و کۆتایی هاتنیشی بەهۆی کۆمەڵێک ڕووداوەوە بوو.